Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.1

# جوگرافیای خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ
# توێژینەوەیەکی شیکاریە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
**Ameer Qader Azeez**
ameer.azeez@su.edu.krd

RECEIVED: 31/05/2025
ACCEPTED :18/08/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**امیر قادر عزیز**/ بەشی جوگرافیا ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**سیابەند حبیب حسن**/بەشی جوگرافیا،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
خزمەتگوزاری فێرکاری،
شێوازی دابەشبوون،
توانستی وەزیفی،
شاری ئاکرێ

## پوختە

خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە گرنگترینی خزمەتگوزاریە کومەڵایەتیەکانن و بە یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی دانیشتوان دادەنرێت، بەهۆی گرنگی ئەم بابەتە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە دابەشبوونی خزمەتگوزاریە فێرکایەکان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لە شاری ئاکرێ توێژ بکرێت، و بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان پشت بە ئامارە فەرمیەکان بەستراوە، هەروەها کاری مەیدانی ئەنجامدراوە بۆ دیاریکردنی شوێنیی خزمەتگوزاریەکان بە ئامێری(GPS) و دەرهێنانی رووبەریان بە برۆگرامی (ArcGIS Earth) لەگەڵ سوودوەرگرتن لە پرۆگرامەکانی(ArcGIS) بۆ شیکردنەوەی ئاراستە و شێوازەکانی دابەشبوونیان، و بەکارهێنانی پێوەر و نیشاندەرەکانی پلاندانان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانستە وەزیفیەکانیان، لە کۆتایشدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەهۆی لاوازی پلاندانانەوە ئەم خزمەتگوزاریانە لە دابەشبوونیان شێوازێکی هەرەمەکی و پەرشووبڵاوی نارێکیان وەرگرتووە، ئەمەش بەهۆی کۆبوونەوەیان لە هەندێک گەڕەک و بێبەشبوونی هەندێ گەڕەکی تر، ئەمە وێرای کەمی دامەزراوەکان بەتایبەتی(باخچەی منداڵان) تارادەیەکی زۆر کۆرتهێنانی هەیە، هەروەها زۆری ژمارەی قوتابیان و کەمی پۆلەکانی خوێندن و بەرێوەچوونی دەوام لەهەردوو کاتی بەیانیان و ئێواران لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەیەکان بەڵگەی کەمی دامەزراوەکانیان دەگەیەنێت.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1ـ پێشەکی

کەرتی خزمەتگوزاری یەکێکە لە کەرتە گرنگەکانی خزمەت گەیاندن بە وڵات و پەیوەستبونی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕامیاریشی هەیە، لەنێویشیاندا خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان کە بە یەکێک لە گرنگترین خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان هەژماردەکرێت، و بە یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی دانیشتوان دادەنرێت، کە دەبێت لەژێر سایەی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی شارستانیەتی کۆمەڵگا مرۆییەکان بەخۆیانەوە بینیوە بۆ گشت تاکەکانی کۆمەڵگا دابین بکرێت، بەجۆرێک ئەگەر دیاریکردنی ئاستی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان بەسروشتی هەندێک لەو خزمەتگوزاریانە پێوانە بکرێت، ئەوا خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان یەکێکن لە دیارترینی ئەو خزمەتگوزاریانە.

شاری ئاکرێ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی پارێزگای دهۆک، لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاری گەورە بەسەر قەبارەی دانیشتوانەکەیدا هاتووە و کاریگەریەکی زۆری هەبووە لە سەر فراوانبوونی شارەکە، بەشێوەیەک کەرتی خزمەتگوزاری فێرکاری لایەنێکی گرنگی پێکهاتەی ڕێکخستنە وەزیفیەکەی پێکدەهێنێت کە تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی پێویست توێژ نەکراوە، جا چ لە ڕووی سەنگی دانیشتوان و پێگە جوگرافیەکەیەوە بێت یاخود لەڕووی گرنگیە وەزیفیەکەیەوە بێت، هەروەها دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزاریە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەردەکەوێت، ئەمەش پێویستی بە توێژینەوەی تەواو هەیە، بۆئەوەی لە کۆتاییدا نەخشە ڕێگایەک و چوارچێوەیەکی کار بخاتە بەردەست لایەنە پەیوەندار و بڕیاردەران بۆ بەستنەوەیان بە پلانە شوێنیە گشتگیرەکان.

**گرنگی توێژینەوە:** گەشەکردن و فراوانبوونی شاری ئاکرێ لە ئەنجامی گەشەی خێرای دانیشتوانەوە بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی گەڕەکەکانی شارەکە، ئەم توێژینەوەیە ئاستی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریە فێرکاریانەی پێشکەش بە دانیشتوانی گەڕەکەکانی شارەکە دەکرێن دەخاتەڕوو لەڕێگەی دەرخستنی جیاوازیەکانی دابەشبوونی دامەزراوە فێرکاریەکان لەنێوان گەڕەکەکان و توانای ئەو دامەزراوانە بە لەخۆگرتنی قوتابیان و بەراوردکردن لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانادا.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دۆزینەوەی شێوازی دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان و هەڵسەنگاندنیان بە پشت بەستن بە چەندین پێوەری ئاماری شوێنیی و وەزیفیی تایبەت بەم بوارە، ئەمەش لەپێناو دەرخستنی ئاستی گونجانیان بە قەبارەی دانیشتوان و دیاریکردنی کەموکوڕیەکانیان بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم پلاندانەران بەمەبەستی چارەسەرکردن و بەرەوپێشبردنیان لە کاتی داڕشتنی هەر پرۆژەیەکی پەرەپێدان بۆ ئەم شارە.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی ڕەگەزەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لەنێو گەڕەکەکاندا بەتایبەتیش دوای فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ڕەوشی قوتابیان بەهۆی کۆبوونەوەیان لە چەند قوتابخانەیەکی دیاریکروی شاردا.

**گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی توێژینەوە خۆی لەم خاڵانە دەبینێتەوە:

1- ئایا خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لەنێوان گەڕەکەکانی شاردا بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ دابینکراوە.

2- ئایا دابەشبوونی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شارەکەدا شێوازێکی نارێک و پێکی وەرگرتووە.

3- ئایا دابەشبوونی ڕەگەزەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان نەگونجاوە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانداا.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەپێناو کۆکردنەوەی داتای وورد دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە و دەستنیشانکردنی جیاوازیەکانی دابەشبون و توانستەکانی ئەم خزمەتگوزاریە لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری ئاکرێ پشت بەستراوە بە میتۆدی ئیستقرائی، هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS) بۆ وێنەکێشانی نەخشە و شێوەکان و ئەنجامدانی کردارەکانی شیکردنەوە و بەراوردکاری داتای خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان.

**پلانی توێژینەوە:** لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکان توێژینەوەکە بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە خستنەڕووی تایبەتمەندیە شوێنیەکانی دابەشبونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ، هەرچی لە تەوەرەی دووەمیشە تایبەتمەندیە وەزیفیەکانی ئەم خزمەتگوزاریەی تیادا باسکراوە، ئەمە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان.


## ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

شاری ئاکرێ لەڕووی کارگێڕیەوە سەنتەری قەزای ئاکرێیە، قەزاکە یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای دهۆک لە باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگاکە بەدووری (120کم) هەڵکەوتووە، لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ ناحیەی دینارتە، و خۆرهەڵات و باشور و باشووری خۆرئاواکەشی ناحیەی گردەسێنە، لە باشووری خۆرئاوا لەگەڵ ناحیەی ئەتروش سەر بە قەزای شێخان هاوسنورە، هەرچی بەشی باکووری خورئاواشە بریتیە لە ناحیەی چەمانکێی سەر بە قەزای ئامێدی، ناوچەی توێژینەوە لە (36) گەڕەک پێکدێت و ڕووبەرەکەی بە پشت بەستن بە ماستەرپلانی شاری ئاکرێ و دەرهێنانی بە پرۆگرامی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS) دەگاتە(37.74کم$^2$) (3774) هێکتار و (2.12%) ڕووبەری قەزاکە پێکدێنێت.

لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی درێژی(12 48 43°) و (23 54 43 °)ی خۆرهەڵات، و بازنەکانی پانی (34 41 36 °) و (8 46 36 °)ی باکوور، بەم شێوەیە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە هەرێمی ئاووهەوای مامناوەند. نەخشەی(1)،

**نەخشەی (1)**

**هەڵکەوتەی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی قەزای ئاکرێ و پارێزگای دهۆک**




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە پرۆگرامی (ArcMap-Gis 10.8) و حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ئاکرێ، بەشی نەخشەسازی.

## 2ـ تایبەتمەندیە شوێنیەکانی دابەشبونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ

دابەشبوون لە تێڕوانینی جوگرافیناسان ئەو دووبارەبوونەوەیەیە کە لە کۆتاییدا کۆمەڵێک پەیوەندی لە نێوان دیاردە جیاوازەکان بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو دروست دەبێت (المحیاوي, 2023,ص160)، یاخود بەواتای ڕێکخستنی دیاردەکان دێت لە شوێنێکدا بەگوێرەی شێوازێکی تایبەت، هەروەها خاڵی دەستپێکە لە توێژکردنی دیاردە جوگرافیەکان،

و هەنگاوێکی پێویستیشە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی دیاردە جیاوازەکان(خیر، 2000، ص282)، هەر لەبەر ئەمەشە کە توێژەران بەگشتی و توێژەری جوگرافی و پلاندانەران بە تایبەتی بایەخی زۆری پێدەدەن و پشتی پێدەبەستن لە توێژکردنی دابەشبونی جوگرافی خزمەتگوزاریەکانی شار و دەرخستنی تایبەتمەندیەکانی ئەم دابەشبوونە(عزیز و سلیم، 2015، ل149).

**2ـ 1ـ دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەگوێرەی گەڕەکەکان**

توێژینەوە لە دابەشبوونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شارەکاندا یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە جوگرافیناسان بە تایبەتی جوگرافیناسانی شار و پلاندانەران گرنگی پێدەدەن،(رواندزي,2011,ص26)، دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزاریە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەسەر ئاستی گەڕەکەکان مانای وایە کە دادپەروەری بەدیهاتووە لە دابەشبووندا(سلیم, 2012,ص62). لێرەدا واقعی دابەشبوونی شوێنیی گۆڕاوەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لە ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:

**2ـ 1ـ 1ـ باخچەی منداڵان:** ئەمە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاریە بۆ منداڵان لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە، منداڵانی تەمەن(4-5) ساڵ لەخۆدەگرێت، لەو باخچانەدا فێرکردن و یاریکردن لەگەل یەکتری تێکەل دەکرێت و لەلایەن چەندین ڕاهێنەر و مامۆستاوە بەڕێوەدەبرێت(علی و ئەوانیتر،2023،ل137)، قۆناغی منداڵی بەوە جیادەکرێتەوە کە تێیدا گەشەیەکی بەردەوام و توانایەکی بەرزی هەیە بۆ فێربوون و وەرگرتنی کارامەییەکان(حمە امین و ئەوانیتر،2023،ل594)، هەربۆیە زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا منداڵان ئاشنابکرێن بە مافەکانیان. دابەشبوونی شوێنیی ڕەگەزەکانی ئەم خزمەتگوزاریە لە ناوچەکە وەک لە خشتەی(1) دەردەکەوێت ئەمانەی خوارەوە تێبینی دەکرێت:

1. ناوچەی توێژینەوە (10) باخچەی منداڵان لەخۆدەگرێت و بەسەر (10)گەڕەکی شارەکە دابەش بوون، هۆکاری کەمی ژمارەی باخچەی منداڵان لە شارەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیپێنەدانی ئەم قۆناغەی خوێندن لەلایەن کاربەدەستان لەلایەک و هاوڵاتیانیش لە لایەکی دیکەوە و تاوەکوو ئێستاش چوونە نێو ئەم قۆناغەی خوێندن خۆویستانەیە، هەریەک لە باخچەی منداڵانی(وەرین، هەنگ و ئاکرێ) لە گەڕەکەکانی 11ئادار و ئازادی و 11ئەیلول بینای سەربەخۆیان هەیە و ڕووبەری گشتی زەوی بەکارهاتوو بۆ ئەم باخچانە دەگاتە (9420م$^2$)، بەڵام باخچەی گەڕەکەکانی تر لەناو بینای قوتابخانەکان شوێنیان بۆ دابینکراوە.
2. کۆی گشتی ژمارەی منداڵانی باخچە لە ناوچەکە دەگاتە(1465) منداڵ و بەشێوەی جیاواز دابەش بوون بەسەر باخچەکاندا، بەشێوەیەک باخچەی هەنگ لە گەڕەکی ئازادی زۆرترین ژمارەی منداڵ لەخۆدەگرێت بەڕێژەی(30.4%)ی کۆی منداڵانی باخچەکان، و دابەشی هەردوو کاتی بەیانیان و ئێواران کراون بەهۆی زۆری ژمارەی منداڵان لەم باخچەیەدا.
3. سەبارەت بە مامۆستایانیش ئەوا ژمارەیان لە گشت باخچەکانی منداڵاندا گەیشتوەتە (139) مامۆستا، باخچەی هەنگ لە گەڕەکی ئازادی بەهۆی زۆری ژمارەی منداڵان زۆرترین مامۆستاش لەخۆدەگرێت و ژمارەیان دەگاتە (39)مامۆستا کە بەڕێژەی(28.1%)، لە بەرامبەریشدا باخچەی گەڕەکەکانی (سەرهەڵدان و مەهەت و سوسنا) بەڕێژەی(11.5%) کەمترین ژمارەی مامۆستایانی باخچەکان لەخۆ دەگرن.
4. هەرچی دابەشبوونی پۆلەکانی خوێندنە بەسەر باخچەکاندا جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت، بەجۆرێک باخچەی ئاکرێ زۆرترین پۆلی هەیە و ژمارەیان (9) پۆلە بە ڕێژەی (19.1%)، دواتر هەریەک لە باخچەی گەڕەکەکانی(11ئادار و ئازادی) بەیەکەوە ڕێژەی(34.1%) پۆلەکان لەخۆدەگرن، بەڵام باخچەی گەڕەکەکانی (سەرهەڵدان و مەهەت و سوسنا )کەمترین پۆل لەخۆدەگرن و هەریەکیان (2) پۆلیان هەیە و تەنها بەڕێژەی(12.9%) پۆلەکانی باخچەی منداڵان پێکدێنن. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو باخچانەی دامەزراوەی تایبەتی خۆیان هەیە بەهۆی توانایان لە پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزاریە زۆرترێن ڕێژەی منداڵ و مامۆستا لەخۆدەگرن، بەپێچەوانەی ئەو باخچانەی کە میوانن لە قوتابخانەکان بەهۆی نەبوونی پۆلی پێویست توانایان سنووردارە ئەمەش وایکردووە ژمارەی منداڵ و مامۆستایانی کەمتر بێت.

**خشتەی (1)**

**دابەشبوونی شوێنیی گۆڕاوەکانی باخچەی مندالآن لە شاری ئاکرێ بۆ سالّی خوێندنی(2024-2025)**

| گەڕەک | ژ.باخچە | میوان لە قوتابخانە | ڕووبەر م2/ | % | ژ.مندال | % | ژ.مامۆستا | % | ژ.پۆل | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرهەڵدان | 1 | ئامادەیا ئاکرێ | ___ | ___ | 54 | 3.7 | 5 | 3.6 | 2 | 4.3 |
| 11ئادار | 1 | --- | 2230 | 23.7 | 201 | 13.7 | 23 | 16.5 | 8 | 17 |
| ئازادی | 1 | --- | 2930 | 31.1 | 446 | 30.4 | 39 | 28.1 | 7 | 14.9 |
| سماقوکانی | 1 | کۆچینە حەسەن | ___ | ___ | 99 | 6.8 | 7 | 5 | 4 | 8.5 |
| مەهەت | 1 | فەقی تەیران | ___ | ___ | 44 | 3 | 5 | 3.6 | 2 | 4.3 |
| قاپەکی | 1 | کانی زەرک | ___ | ___ | 91 | 6.2 | 11 | 7.9 | 5 | 10.6 |
| گوڕەڤا | 1 | مەلایێ جزیری | ___ | ___ | 45 | 3.1 | 8 | 5.8 | 5 | 10.6 |
| خرگا | 1 | چارچرا بنەڕەت | ___ | ___ | 114 | 7.8 | 12 | 8.6 | 3 | 6.4 |
| 11ئەیلول | 1 | --- | 4260 | 45.2 | 308 | 21 | 23 | 16.5 | 9 | 19.1 |
| سوسنا | 1 | سوسنا نوێ | ___ | ___ | 63 | 4.3 | 6 | 4.3 | 2 | 4.3 |
| کۆی گشتی | 10 | | 9420 | 100 | 1465 | 100 | 139 | 100 | 47 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: 1- کاری مەیدانی و پرۆگرامی(ArcGIS Earth) 2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ئاکرێ، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە.

**2ـ 1ـ 2 ـ قۆناغی بنەڕەتی:** ئەم قۆناغە بە بنکەی هەرەمی خزمەتگوزاری فێرکاری دادەنرێت و نوێنەرایەتی خاڵی دەستپێکی خزمەتگوزاری فێرکردن دەکات، خوێندنی بنەڕەتی پۆلی 1 تاوەکو 9ی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، و تەمەنی قوتابیان(6-14) ساڵان دەبێت(حسین، 2024، لا391)، بەگوێرەی سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی(2006) هەردوو قۆناغی سەرەتایی(1-6) و ناوەندی(7-9) یەکیان گرت و ناونرا قۆناغی بنەڕەتی(1-9) بەجۆرێک لەیەک کات و لەیەک بینای خوێندن سیستەمەکە بەڕێوەبچێت(صالح و ئەوانیتر،2022، لا369). **دابەشبوونی شوێنیی** گۆڕاوەکانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان لە ناوچەکە وەک لە خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، ئەم خاڵانەی خوارەوە تێبینی دەکرێت:

1- قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەیان (39) قوتابخانەیە، و دابەش دەبن بەسەر(37) بینای سەربەخۆ و (26)گەڕەکی شارەکە، و(2) لە قوتابخانەکان وەک میوانن لە بینای قوتابخانەکانی تر، ئەوانیش بریتین لە قوتابخانەکانی ئاڤیڤان لە قوتابخانەی کوردینیدا، و قوتابخانەی ژین لە ئامادەیا ئاکرێدا.

2- جیاوازی لە دابەشبوونی قوتابخانە بنەڕەتیەکان لەنێوان گەڕەکەکاندا بووەتە هۆی جیاوازی لە دابەشبوونی گۆڕاوەکانی تری پەیوەست بەم قۆناغە.

3- گەڕەکەکانی 11ئەیلول و سوسنا و ئازادی زۆرترین ڕووبەری دامەزراوەکان لەخۆدەگرن بەڕێژەی (34.7%) لە کۆی ڕووبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکان، هۆکارەکەی بریتیە لەوەی کە ئەم گەڕەکانە ژمارەی زیاتری قوتابخانەکان لەخۆ دەگرن و بەشێکیشیان لە قوتابخانە نوێیەکانن کە ڕووبەری زۆریان بۆ دابینکراوە، بە پێچەوانەوەش گەڕەکەکانی نێرگزلاند و کەلێ ستی و بێوک و ئالەیێ کەمترین ڕووبەری خزمەتگوزاریەکەیان هەیە بە ڕێژەی تەنها (1.6%)، ئەمەش بەهۆی کەمی ژمارەی دامەزراوەکانەوەیە و بەشێکیشیان کەوتوونەتە گەڕەکە کۆنەکان کە ڕووبەری دامەزراوەکان تیایاندا کەمە.

4- ژمارەی قوتابیانی ئەم قۆناغەی خوێندن لە ناوچەکە بریتیە لە (21523) قوتابی، و بەشێوەی جیاواز بەسەر قوتابخانەکانی گەڕەکەکان دابەشبوون، بەجۆرێک گەڕەکەکانی 11ئەیلول و قاپەکی و ئازادی زۆرترین ژمارەی قوتابیان لەخۆدەگرن و ژمارەیان دەگاتە(6469) قوتابی و بەڕێژەی(30.1%)، لەبەرامبەردا ڕێژەی قوتابیان گەڕەکەکانی ئشکەفتە مغارە و گۆشینە بە یەکەوە دەگاتە تەنها (1.1%).

5- سەبارەت بە ژمارەی مامۆستایان کە دابەشبوونیان بەندە بە ژمارەی قوتابیان، ئەوانیش بەشێوەیەکی ناچوونیەک دابەش بوون، بەجورێک قوتابخانەی گەڕەکەکانی 11ئەیلول قاپەکی و ئازادی(35.1%) مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتیەکانیان لەخۆگرتووە، لەبەرامبەردا گەڕەکەکانی ئشکەفتە مغارە و گۆشینە و سماقوکا کەڤن کەمترین ژمارەی مامۆستایان هەیە بەرێژەی تەنها (2.1%) لە کۆی گشتی مامۆستایان.

6- لەکۆتاییدا دەکرێت بلێین گۆڕاوەکانی ئەم قۆناغەی خوێندن بەشێوەیەکی نارێک و نا هاوسەنگ دابەشبوون بەسەر پانتایی ناوچەی توێژینەوەکەدا، بەڵام ئەم نارێکیە جارێ دیارنیە بە لایەنی ئەرێنی دەشکێتەوە یاخود نەرێنی، ئەمەش لە تەوەرەکانی دیکە یەکلایی دەکرێتەوە کاتێک بەراوورد دەکرێت بە پێوەرەکانی پلاندانانی وەزیفی بۆ ئەم بوارە،

**خشتەی (2)**

**دابەشبوونی گۆڕاوەکانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| گەڕەک | دامە راو | خانە | % | بەر/ 2 | % | ابیان | % | تایان | % | ژ هۆبە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خەبات | 2 | 3 | 7.7 | 8300 | 7.1 | 1099 | 5.1 | 76 | 5.5 | 39 | 5.3 |
| سەرهەڵدان | 1 | 2 | 5.1 | 7300 | 6.2 | 1240 | 5.8 | 64 | 4.6 | 35 | 4.8 |
| خرگا | 1 | 1 | 2.6 | 3415 | 2.9 | 598 | 2.8 | 39 | 2.8 | 19 | 2.6 |
| بێوک | 1 | 1 | 2.6 | 590 | 0.5 | 168 | 0.8 | 13 | 0.9 | 7 | 1 |
| 11ئادار | 1 | 1 | 2.6 | 4850 | 4.1 | 893 | 4.1 | 56 | 4 | 29 | 4 |
| ئازادی | 2 | 2 | 5.1 | 9400 | 8 | 1822 | 8.5 | 123 | 8.9 | 65 | 8.9 |
| نەورۆز | 2 | 2 | 5.1 | 4120 | 3.5 | 1426 | 6.6 | 80 | 5.8 | 44 | 6 |
| شیوەکۆر | 2 | 2 | 5.1 | 3405 | 2.9 | 1641 | 7.6 | 83 | 6 | 44 | 6 |
| نێرگزلاند | 1 | 1 | 2.6 | 400 | 0.3 | 345 | 1.6 | 27 | 1.9 | 12 | 1.6 |
| ئاڵەیێ | 1 | 1 | 2.6 | 590 | 0.5 | 427 | 2 | 24 | 1.7 | 14 | 1.9 |
| سماقوکا کەڤن | 1 | 1 | 2.6 | 780 | 0.7 | 102 | 0.5 | 11 | 0.8 | 6 | 0.8 |
| کۆچینە | 1 | 1 | 2.6 | 2300 | 2 | 992 | 4.6 | 50 | 3.6 | 30 | 4.1 |
| کوردستان | 1 | 1 | 2.6 | 1180 | 1 | 373 | 1.7 | 22 | 1.6 | 18 | 2.5 |
| سماقوکا نی | 1 | 1 | 2.6 | 7160 | 6.1 | 1422 | 6.6 | 58 | 4.2 | 36 | 4.9 |
| سارمیە | 1 | 1 | 2.6 | 8230 | 7 | 570 | 2.6 | 45 | 3.2 | 24 | 3.3 |
| مەهەت | 1 | 1 | 2.6 | 3150 | 2.7 | 454 | 2.1 | 34 | 2.5 | 17 | 2.3 |
| قاپەکی | 4 | 4 | 10.3 | 8070 | 6.9 | 2094 | 9.7 | 156 | 11.3 | 72 | 9.8 |
| گۆڕەڤا | 1 | 1 | 2.6 | 1960 | 1.7 | 499 | 2.3 | 36 | 2.6 | 17 | 2.3 |
| 11ئەیلول | 4 | 4 | 10.3 | 21170 | 18 | 2553 | 11.9 | 207 | 14.9 | 87 | 11.9 |
| ئشکەفتە مغارە | 1 | 1 | 2.6 | 1250 | 1.1 | 42 | 0.2 | 7 | 0.5 | 6 | 0.8 |
| گوڵان | 1 | 1 | 2.6 | 5715 | 4.9 | 602 | 2.8 | 18 | 1.3 | 21 | 2.9 |
| خرپە ژێری | 1 | 1 | 2.6 | 1660 | 1.4 | 311 | 1.4 | 20 | 1.4 | 12 | 1.6 |
| گۆشینە | 1 | 1 | 2.6 | 1270 | 1.1 | 86 | 0.4 | 11 | 0.8 | 7 | 1 |
| ڕەزووک | 1 | 1 | 2.6 | 700 | 0.6 | 167 | 0.8 | 19 | 1.4 | 12 | 1.6 |
| سوسنا | 2 | 2 | 5.1 | 10275 | 8.7 | 1481 | 6.9 | 93 | 6.7 | 53 | 7.2 |
| کەلێ ستی | 1 | 1 | 2.6 | 400 | 0.3 | 116 | 0.5 | 14 | 1 | 6 | 0.8 |
| کۆی گشتی | 37 | 39 | 100 | 117640 | 100 | 21523 | 100 | 1386 | 100 | 732 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: 1- کاری مەیدانی و بەرنامەی(ArcGIS Earth) 2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ئاکرێ، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە.

**2ـ 1ـ 3ـ قۆناغی ئامادەیی:** ئەم قۆناغە پۆلەکانی (10 بۆ 12) دەگرێتەوە، جۆرەکانی خوێندنی ئامادەیی بریتین لە ئامادەییە ئەکادیمیەکان (زانستی و وێژەیی)، و ئامادەییە پیشەیەکان(پیشەسازی، کشتوکاڵی و بازرگانی)(حسن, 2022,ص90). لەم قۆناغەدا پەرە بە تواناکانی قوتابیان دەدرێت و دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغە قوتابی ئامادە دەبێت بۆ خوێندنی قۆناغی زانکۆ. بەسەرنجدان لە خشتەی(3) **دابەشبوونی شوێنیی** ڕەگەزەکانی قوتابخانە ئامادەییەکان لە ناوچەکە، تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێت:

1- قوتابخانە ئامادەییەکان لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەیان 10 قوتابخانەیە و بەسەر(7) گەڕەکی شارەکە دابەشبوون، لەوانەش(6) قوتابخانە بینای تایبەت بەخۆیان هەیە و ئەوانیتر لە قوتابخانەکانی تر میوانن.
2- هەریەک لە گەڕەکەکانی سەرهەڵدان و مەهەت و قاپەکی بەیەکە (60%) ئەم خزمەتگوزاریە لەخۆدەگرن، گەڕەکەکانی دیکە هەریەکە بە یەک قوتابخانە ڕێژەی(10%)ی قوتابخانەکانیان تیادا هەڵکەوتووە.
3- ڕووبەری گشتی قوتابخانە ئامادەیەکانی ناوچەکە دەگاتە(38690م$^2$)، وەک دەردەکەوێت گەڕەکی سەرهەڵدان گەورەترین ڕووبەری قوتابخانەکان پێکدێنێت و زۆرترین ڕێژەی قوتابی و مامۆستایانی ئەم قۆناغەی شارەکەش لەخۆدەگرێت، دواتر گەڕەکی سوسنا بە یەک دامەزراوەی ئەم قۆناغە لەڕووی ڕووبەرەوە بە پلەی دووەم دێت، بەڵام ئامادەیی گەڕەکی شیوەکۆر ڕێژەی قوتابی و مامۆستایانی زیاترە، سەبارەت بە ئامادەیی گەڕەکەکانی خەبات و 11ئەیلول هیچ دامەزراوێکیان نیە و لە دامەزراوەی قوتابخانە بنەڕەتیەکان میوانن.

**خشتەی (3)**

**دابەشبوونی ڕەگەزەکانی قوتابخانە ئامادەییەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی خوێندنی(2024-2025)**

| گەڕەک | ژ.دامەزراو | ژ.قوتابخانە | % | ڕووبەر/م2 | % | ژ. قوتابی | % | ژ.مامۆستا | % | ژ/هۆبە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خەبات | --- | 1 | 10 | 2400 | 6.2 | 146 | 2.8 | 13 | 3.9 | 6 | 3.3 |
| سەرهەڵدان | 2 | 2 | 20 | 11630 | 30.1 | 1698 | 32.2 | 92 | 27.5 | 47 | 26 |
| شیوەکۆر | 1 | 1 | 10 | 5950 | 15.4 | 1190 | 22.6 | 67 | 20 | 35 | 19.3 |
| مەهەت | 1 | 2 | 20 | 2880 | 7.4 | 700 | 13.3 | 52 | 15.5 | 21 | 11.6 |
| قاپەکی | 1 | 2 | 20 | 3300 | 8.5 | 579 | 11 | 40 | 11.9 | 26 | 14.4 |
| سوسنا | 1 | 1 | 10 | 6630 | 17.1 | 527 | 10 | 35 | 10.4 | 32 | 17.7 |
| 11ئەیلول | --- | 1 | 10 | 5900 | 15.2 | 437 | 8.3 | 36 | 10.7 | 14 | 7.7 |
| کۆی گشتی | 6 | 10 | 100 | 38690 | 100 | 5277 | 100 | 335 | 100 | 181 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە: 1- کاری مەیدانی و بەرنامەی(ArcGIS Earth) 2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ئاکرێ، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە.

لێرەدا دەکرێت بڵێین کە ڕەگەز و گۆڕاوەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە ناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی جیاواز و ناهاوسەنگ دابەشبوون بەسەر پانتایی شارەکەدا ، بەجۆرێک بەشێک لە گەڕەکەکان بێبەشن لەم خزمەتگوزاریانە و بەشێکیش ژمارەیەکی زۆر و هەندێک لە گەڕەکەکانیش بەرکەوتەیەکی مامناوەندیان هەیە.

**2ـ 2 ـ شیکردنەوەی شوێنیی بۆ دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ**

کاری بنچینەیی توێژەران لە بواری جوگرافیای خزمەتگوزاری شارەکان بریتیە لە ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندی دابەشبوونی چالاکیەکان یان خزمەتگوزاریەکان لەسەر نەخشە (عبدالله,2021,ص60). بۆ ئەم مەبەستەش سیستەمی

زانیاریە جوگرافیەکان مامەڵە لەگەڵ داتا شوێنی و وەسفیەکاندا دەکات و توانایەکی بەرزی هەیە لە خستنەڕوو و بەڕێوەبردن و بەیەکەوە بەستن و شیکردەوە ئاماریەکان(Statistical analysis)(الدويكات، 2000، ص133-168). ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین سود لەو توانایە وەربگرین بۆ پیشاندانی تایبەتمەندیەکانی ڕێکخستنی شوێنیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ.

**2ـ 2 ـ 1ـ ناوەندی شوێنیی (Mean Center):**

ناوەندی شوێنیی یەکێکە لە گرنگترین تەکنیکیەکانی شیکردنەوەی داتای شوێنی ئاماری لە چوارچێوەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS) کە جوگرافیناسان بەکاریدەهێنن بۆ دەستنیشانکردنی ناوەندی چەقی دیاردەکان کە گوزارشتە لە چەقی قوڕسایی یان خاڵی ڕاکێشانی دابەشبوون یاخود سەنتەری چڕبوونەوەی دیاردەیەکی جوگرافی دیاریدەکات (محمد و ئەوانیتر،2022 ،ل72)، ئەمەش لەڕێگەی هەژمارکردنی ناوەندی تەوەرەکانی (X – Y)(واتە ناوەندی تەوەرەکانی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی) بۆ گشت دیاردە جوگرافیەکانی ناوچەی توێژینەوە(الشافعي، 2008، ص386)، ئەم پێوەرە سوودی هەیە بۆ پێوانەکردنی ماوەی گۆڕانی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، یان بەراوردکردنی نێوان دابەشبوونی ڕەگەزەکانی دوو دیاردە یان زیاتر لە ماوەیەکی دیاریکراو یان لە شوێنێکی دیاریکراودا(عبدالله، 2012، ص32)، یاخود بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێک کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت(علی،2022،ل96). بە سەیرکردنی خشتەی(4) و نەخشەی(2) ناوەندی شوێنیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکانی ناوچەی توێژینەوە تێبینی دەکرێت:

1- ناوەندی شوێنیی باخچەی منداڵان لەنێوان گەڕەکەکانی خۆرئاوای بێوک و باکووری 11ئادار هەڵکەوتووە بەدووری(500م) لە ناوەندی شوێنیی ناوچەی توێژینەوەوە، ئەمانەش لە گەڕەکە نوێیەکانن و لە بەشەکانی باکووریان بەرزی و نزمی زۆر بەخۆیەوە دەبینن و ڕێگری لە فراوانبوونی شار دەکەن بەو ئاراستەیە، هەربۆیە دەکرێت لە داهاتوودا ناوەندی شوێنیی ئەم خزمەتگوزاریە شوێنێکی تر وەربگرێت.

2- قوتابخانە بنەڕەتیەکان ناوەندە شوێنیەکەیان لە گەڕەکی سەرهەڵدان بەدووری(492م) لە ناوەندی شوێنیی ناوچەی توێژینەوە هەڵکەوتووە، ئەمەش بە سەنتەری ڕاکێشانی ئەم خزمەتگوزاریانە دادەنرێت.

3-سەبارەت بە ناوەندی شوێنیی قوتابخانە ئامادەیەکان لە گەڕەکی 11ئادار شوێنێکی نزیک ناوەندی شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەدووری تەنها (272م) هەڵکەوتووە.

هەڵکەوتنی ناوەندی شوێنیی هەریەکە لە ڕەگەزەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بە جیا و گشت ڕەگەزەکان بەیەکەوە لە نزیک یەکتر و نزیک لە ناوەندی شوێنیی ناوچەی توێژینەوە بە خاڵی بەهێز و ناوەندی ڕاکێشانی دادەنرێت، بەهۆی بەهێزیی گەڕەکەکانی دەوروبەری بەلەخۆگرتنی ئەم دامەزراوانە.


**خشتەی (4) بەهاکانی ناوەندی شوێنیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی (2024)**

| خزمەتگوزاریەکان | بەهای (X) | بەهای (Y) | شوێنی ناوەندی |
|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 399367.74 | 4067097.102 | نێوان گەڕەکی بێوک و 11ئادار |
| قوتابخانەی بنەڕەتی | 398938.73 | 4066203.092 | گەڕەکی سەرهەڵدان |
| قوتابخانەی ئامادەیی | 399436.66 | 4066561.648 | گەڕەکی 11ئادار |
| ناوچەی توێژینەوە | 399174.37 | 4066635.342 | 11ئادار |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە جێبەجێکردنی تەکنیکی (Mean Center) لە پرۆگرامی(Gis)

**نەخشەی (2)**

**ناوەندی شوێنیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی (2024)**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەجێبەجێکردنی پێوەری(Mean Center) لە پرۆگرامی(Gis)

## 2ـ 2 ـ 2 ـ دووری پێوانەیی (Standard Distance):

دووری پێوانەیی یەکێکە لە گرنگترین پێوەرە ئاماریەکان، هەڵدەستێت بە پێوانەکردنی ڕادەی گردبوونەوە یان پەرشوبڵاوی دیاردەیەکی جوگرافی لە دەوری ناوەندی شوێنی(خیرالله,2024,ص16)، جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە کێشانی بازنەیەک دەبێت کە پێی دەوترێت(Standard Circle) لەسەر نەخشە، هەرچەندە بەهای ئەم پێوەرە زۆر بێت ئەوەندەش قەبارەی بازنەکە گەورەتر دەبێت ئەمەش ئاماژەیە بۆ بڵاوبوونەوەی شوێنیی زیاتری دیاردەکە، بە پێچەوانەشەوە تاوەکو بازنەکە بچووکتر بێت ئاماژەیە بۆ گردبوونەوەی دیاردەکە لە دەوری ناوەندە شوێنیەکەی (المشهداني ,2021,ص156)، لەڕاستیدا ئەم بازنەیە(68.27%) ڕەگەزەکانی دیاردەکە پێکدێنێت ئەگەر دابەشبوونەکە سروشتی بێت، بەدەر لەمە هەر جۆرە دابەشبوونێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە(عبدالله و حسن، 2008، ص106). لە خشتەی(5) و نەخشەی(3) دووری پێوانەیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکانی ناوچەی توێژینەوە تێبینی دەکرێت:

1- دەرئەنجامی دووری پێوانەیی دابەشبوونی باخچەی منداڵان بریتیە لەوەی ئەم خزمەتگوزاریە بەرەو دابەشبوونێکی سروشتی دەچێت، بەجۆرێک لەکۆی(10) باخچەی منداڵانی ناوچەکە (8)باخچە کەوتوونەتە ناو بازنەی پێوانەیەوە کە دەکاتە(80%)ی باخچەکان، بەمەش چڕبوونەوەیەکی بەرزتری تۆمار کردووە بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا، و نیوە تیرەی دووریە پێوانەیەکەی بریتیە لە (2699.8م)، بەمەش ڕووبەری بازنەکە گەیشتوەتە (22.8کم$^2$) و (60.4%) ڕووبەری ناوچەکە پێکدێنێت.


2- دابەشبوونی قوتابخانە بنەڕەتیەکان بەپێی ئەم پێوەرە بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەی بەرەو دابەشبوونێکی سروشتی دەچێت، ئەمەش بەگوێرەی دەرئەنجامی دووری پێوانەیی ئەم خزمەتگوزاریە کە جیاوازە لەڕێژەی سروشتیەوە،

بەجۆرێک لەکۆی(39) قوتابخانەی بنەڕەتی(23) قوتابخانە دەکەونە ناو بازنەکەوە، واتە بەڕێژەی(58.9%) بازنەکە سەرجەمی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغەی خوێندن لەخۆدەگرێت، بەجۆرێک نیوە تیرە بازنەکە دەگاتە(2542.م)، و ڕووبەرەکەشی (20.3کم$^2$)ە بەرێژەی(53.7%)ی ڕووبەری ناوچەکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانین بڵێین ئەم خزمەتگوزاریە شێوازێکی کۆبوونەوەی وەرگرتووە.

3- دابەشبوونی قوتابخانە ئامادەییەکان لە ناوچەکە بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەی بەرەو دابەشبوونێکی ناسروشتی دەچێت و شێوازێکی پەرشووبڵاوی نارێک، چونکە دەرئەنجامی دووری پێوانەیان جیاوازە لەرێژەی سروشتیەوە، بەجۆرێک بازنەکە(50%) قوتابخانە ئامادەیەکان لەخۆدەگرێت، ئەمەش ئاماژەیە بە پەرشو بڵاوی ئەم خمەتگوزاریە بەسەر ناوچەی تویژینەوەکەدا، هەروەها نیوە تیرەی دووری پێوانەیی بازنەکە و دەگاتە (2350.6م)، ڕووبەری بازنەکەشی (17.3کم2)یە کە دەکاتە (45.8%)ی ڕووبەری ناوچەکە.

**نەخشەی(3)**

**دووری پێوانەیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی (2024)**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە جێبەجێکردنی پێوەری(Standard Distance) لە پرۆگرامی(Gis)

**خشتەی (5)**

**بەهاکانی دووری پێوانەیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی (2024)**

| % خزمەتگوزاری ناو بازنەکە | ژ.خزمەتگوزاری ناو بازنەکە | خزمەتگوزاری | % لە ڕووبەری شار | ڕووبەری بازنە(کم2) | بەهای دووری پێوانەیی/م | خزمەتگوزاریەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 80 | 8 | 10 | 60.4 | 22.8 | 2699.8 | باخچەی منداڵان |
| 58.9 | 23 | 39 | 53.7 | 20.3 | 2542.3 | قوتابخانەی بنەڕەتی |
| 50 | 5 | 10 | 45.8 | 17.3 | 2350.6 | قوتابخانەی ئامادەیی |
| ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە = 37.74کم$^2$ | | | | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە جێبەجێکردنی پێوەری(Standard Distance) لە پرۆگرامی(Gis)

## 2ـ 2 ـ 3ـ ئاراستەی دابەشبوون (Directional Distribution):

ئەم تەکنیکیە هەڵدەستێ بە پێوانەکردنی ئاراستەی دابەشبوونی ڕەگەزەکانی دیاردەیەک لە میانەی وێنەکێشانی شێوەیەکی هێلکەیی بەدەوری خاڵی ناوەندە شوێنیەکەیاندا(Mean Center) کە ئاراستەی دابەشبوونی زۆربەی ڕەگەزەکانی دیاردە توێژکراوەکە دەنوێنێ(داود، 2012، ص166)، هەر لەبەر ئەمەشە هەندێک جار بە شێوازی هێلکەیی بۆ پێوانەکردنی پلەی بڵاوبوونەوە(Directional Distribution Ellipse) ناودەبرێت(علی،2022، ل99)، ڕێگای پێوانەکردنیشی هاوشێوەیە لەگەل دووری پێوانەیی(Standard Distance) لەچوارچێوەی پرۆگرامی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS) تەنها ئەمە نەبێت کە بەشێوەیەکی هێلکەیی دەردەکەوێت و دەوری ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەدات بەگوێرەی پێوەرێکی ناسراو(Standard Deviational Ellipse)(عزیز,2013، ل100) ئەمەش بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئاراستەی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان. لە دەرئەنجامی ئاراستەی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەکە لە خشتەی(5) و نەخشەی(4) ئەمانەی خوارەوە تێبینی دەکرێت:

1- ئاراستەی بڵاوبونەوەی باخچەی منداڵان لە ناوچەکە بەپێی پلەی سوڕانەوەی بازنە شێوە هێلکەیەکە(85.84)پلەیە لە باکووری خۆرهەڵات بەرەو باشووری خۆرئاوایە، و بازنەکە (70%)ی دامەزراوەکانی ئەم خزمەتگوزاریە لەخۆدەگرێت.

2- قوتابخانە بنەڕەتیەکان شێوە هێلکەیییەکەی کەمترە بەراورد بە قۆناغی پێشوو، و ئاراستەی دابەشبوونیان بەپێی پلەی سوڕانەوەی بازنەکە(90.49) پلەیە لە نێوان خۆرهەڵات بەرەو خۆرئاوا، ئەمەش لەژێر کاریگەری فراوانبوونی شار بەو ئاراستەیەیە، بازنەکە (53.8%) دامەزراوەکانی ئەم خزمەتگوزاریە لەخۆدەگرێت.

4- قوتابخانە ئامادەییەکان لەدابەشبوونیاندا بەپێی پلەی سوڕانەوەی شێوە هێلکەییەکە(108.44) پلەیە لە باشووری خۆرهەڵات بەرەو باکوری خۆرئاوا، و شێوەی دابەشبوونەکە نزیکە لە بازنەیی ئەمەش بەهۆی کۆبوونەوەی زۆربەی قوتابخانە ئامادەیەکان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەی، هەروەها دەرکەوتووە شێوە هێلکەیەکە بەرێژەی(50%) دامەزراوەکانی ئەم خزمەتگوزاریە لەخۆدەگرێت.

**خشتەی (5)**


**بەهاکانی ئاراستەی دابەشبونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی (2024)**

| خزمەتگوزاریەکان | بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون | | | ژ.خزمەتگوزاری | ژ.خزمەتگوزریەکانی ناو شێوە هێلکەیەکە | ڕێژەی % خزمەتگوزاریەکانی ناو شێوە هێلکەیەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەهای (X) | بەهای (Y) | پلەی سوڕانەوە | | | |
| باخچەی منداڵان | 3250 | 2003 | 85.84 | 10 | 7 | 70 |
| قوتابخانەی بنەڕەتی | 2884 | 2146 | 90.49 | 39 | 21 | 53.8 |
| قوتابخانەی ئامادەیی | 2505 | 2184 | 108.44 | 10 | 5 | 50 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەجێبەجێکردنی پێوەری(Directional Distribution) لە پرۆگرامی(Gis)

**نەخشەی(4)**

**ئاراستەی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی (2024)**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەجێبەجێکردنی پێوەری(Directional Distribution) لە پرۆگرامی(Gis)

## 2ـ 2 ـ 4ـ تەرزی دابەشبونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان

تەرز زاراوەیەکە لە توێژینەوە زانستیەکاندا بۆ ئاماژەکردن بۆ دابەشبوون بەکاردێت، بەتایبەتی لەلای جوگرافیناسان بریتیە لەو شێوە و ئاراستەیەی کە خاڵەکانی دیاردەیەکی جوگرافی دەینوێنن لە دابەشبوونیان و دیاریکردنی پەیوەندیە شوێنیەکانی نێوانیان، لەوانەیە خاڵەکان نزیک یەکتربن و ماوەی نێوانیشیان ڕێک یان نارێک بێت، یاخود لەیەکەوە دووربن و ماوەی نێوانیشیان ڕێک یان نارێک بێت، یان شێوازێکی هەڕەمەکی بێت(محمد و ئەوانیتر،2022،ل64)،

هەربۆیە جوگرافیناسان لە توێژینەوەی دیاردەکان گرنگی پێدەدەن، چونکە بەیەکێک لە هۆکارە بنەڕەتیەکان دادەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر مەودای هاوسەنگی دیاردەکان لە پانتاییە شوێنیەکاندا(احمد، 2022، لا469).

بەمەبەستی دیاریکردنی شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکانی ناوچەی توێژینەوە پشتمان بەستوە بە بەکارهێنانی تەکنیکی نزیکترین هاوسێ(**Nearest Neighbor Analysis**) **کە بە** گرنگترین ئامرازی شیکردنەوەی شوێنی دیاردە جوگرافیەکان دادەنرێت لە چوارچێوەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS)(التميمي,2020,ص182)، لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن توێژەرانی جوگرافیا بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی شێواز و ڕادەی بڵاوبوونەوەی خاڵەکان لەسەر ڕووبەری گشتی ناوچەکە(حمەعلی و ئەوانیتر،2024،ل15)، بەهای نزیکترین هاوسێ لە سفر تا 2.146 سنووردار کراوە، ئەگەر بەهاکە سفر بێت دابەشبوونەکە شێوازێکی کۆکراوە وەردەگرێت، لە نێوان(0.1-0.5)نزیک لەیەکی نارێک، لە نێوان(0.6-0.9)نزیک لەیەکی هەڕەمەکی، ئەگەر یەکسان بێت بە یەک شێوازی دابەشبوونەکە هەڕەمەکیە و ئاماژەیە بۆ فاکتەری ڕێکەوت، بەهای(1.1-1.9)شێوازی لەیەک دوور(بڵاوبوونەوە)، ئەگەر(2-2.15)بێت شێوازێکی ڕێکوپێک وەردەگرێت، بەم شێوەیە ئەم شێوازەی دابەشبوونە بەسەر تەواوی ناوچەی توێژینەوە بلاودەبێتەوە(أبو شنب,2015,ص26).


لە دوای جێبەجێکردنی تەکنیکی نزیکترین هاوسێ لە چوارچێوەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان کە دەرئەنجامەکەی لە شێوەی(1) دەرکەوتووە، بەجۆرێک بەهای (Z-Score) بۆ هەریەک لە(باخچەی منداڵان، قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان) یەک لەدوای یەک دەگاتە(1.9، 0.13-، 1.5)، ئەم بەهایانەش دەکەونە چوارچێوەی پشتێنەی ناچاری(Critical Value) کە لەنێوان(2.58- ، 2.58+)، واتە دەکەونە ناوچەی پەسەندکراو، بەمەش گریمانەی بنەڕەتی بۆ هەر یەک لەم خزمەتگوزاریانە پەسەند دەکەین و گریمانەی جێگرەوە ڕەتدەکەینەوە، چونکە بەگوێرەی دەرئەنجامی ئاستی باوەڕپێکراویان (Significance Level) کە دەگاتە(0.01)، بەمەش دڵنیایی دەدەن کە بەڕێژەی(99%) ئەگەری شێوازی دابەشبوونیان لە ناوچەکە بەهۆکاری ڕێکەوت بووە و هیچ جۆرە شیکاری و لێکدانەوە هەڵناگرن، هەروەها بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی جۆرەکانی ئەم خزمەتگوزاریانە جیاوازە ئەمەش جیاوازیی لە شێوازی دابەشبوونیان نیشاندەدات بەم شێوەیە:

1- بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی باخچەی منداڵان گەیشتوەتە(1.27) ئەم بەهایەش ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزاریە بەشێوازێکی پەرشووبڵاوی نارێک بەسەر گەڕەکەکاندا.

2- قوتابخانە بنەڕەتیەکان بەهای پەیوەندی هاوسێیەتیان گەیشتووەتە(0.98) ئەمەش ئاماژەیە کە ئەم خزمەتگوزاریە بەشێوازێکی کۆبوونەوەی بەرەو هەڕەمەکی دابەشبووە.

3- سەبارەت بەقوتابخانە ئامادەییەکان کە بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی بەگوێرەی ئەم پێوەرە (1.31) ئاماژە بە دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزاریە دەکات بەشێوازێکی پەرشووبڵاوی نارێک.

شێوەی(1) بەهای نزیکترین هاوسێی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی(2024




قوتابخانە ئامادەییەکان — قوتابخانە بنەڕەتیەکان — باخچەی منداڵان

سەرچاوە:کاری توێژەران پشت بەستن بە جێبەجێکردنی پێوەری(Average Nearest Neighbour)لە پرۆگرامی(Gis)

**خشتەی (6) واتای بەهاکانی پێوەری نزیکترین هاوسێ (Average Nearest Neighbour)**

| شێوازی سەرەکی | بەهای نزیکترین هاوسێ | | شێوازی لاوەکی |
|---|---|---|---|
| کۆکراوە(نزیک یەکتر) | کەمتر 1 | 0 | کۆبوونەوەی تەواو |
| | | 0.5 – 0 | کۆبوونەوەی نارێک |
| | | 0.9 - 0.6 | کۆبوونەوەی بەرەو هەڕەمەکی |
| هەڕەمەکی | 1 | | شێوازی هەڕەمەکی(هەندێک خاڵ لەیەکەوە نزیکن و هەندێکی تریش لەیەکتر دوورن) |
| پەرشووبڵاو | زیاتر 1 | 1.9 – 1.1 | پەرشووبڵاوی نارێک |
| | | 2 | پەرشووبڵاوی رێکوپێک |
| | | 2 زیاتر | پەرشووبڵاوی دوور لەیەک |

سەرچاوە: عسكر, أحمد علي (2015), التحليل المكاني للمدارس الحكومية في مدينة غزة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية, رسالة ماجستير(غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الهندسة, جامعة الإسلامية, قسم الهندسة المعمارية, غزة، ص55.

### 3 ـ تایبەتمەندیە وەزیفیەکانی دابەشبونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ

توانستی وەزیفی مەبەست لێی توانای هەر دامەزراوەیەکە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بە دانیشتوان بەشێوەیەکی گونجاو(سلیم, 2012,ص142)، یاخود بریتیە لە توانای دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان (علي,2023 , ص158)، و گەیشتنە بە ئامانجە خوازراوەکان بە باشترین شێوە بۆ کۆمەڵگا لەچوارچێوەی پلانانە خزمەتگوزاریەکانی دانیشتوان (عبدالله,2021,ص111).

### 3 ـ 1ـ کارایی وەزیفیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەگوێرەی پێوەرەکانی پلاندانان

مەبەست لە کارایی وەزیفی بۆ هەر دامەزراوەیەک بریتیە لەوەی کە تا چەند لە توانایدایە بەو ئەرکانە هەڵسێ کە تایبەتە بەو، بەشێوەیەک کە هەستی ڕاببوون بە هەر تاکێک ببەخشێ بەرامبەر بەو خزمەتگوزاریەی پێشکەشی دەکات(الزبيدي، 2005، ص149)،وەک بەشی تاکەکەس لە ڕووبەر و پلەی بەردەستبوون و بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریەکە بۆ هەر کەسێک بەگوێرەی پێوەرەکان و دوور لە هەر کێشەیەک(الدليمي، 2009، ص53)، بۆیە دەکرێت بڵێین توانست یاخود کارایی وەزیفی بریتیە لە تواناداری هەر دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست و گونجاو بۆ گشت تاکەکان و تەواوی دانیشتوانبەگوێرەی داواکاری و پێویستسەکانیان(عزيز و سليم، 2015، ل156).

لێرەدا بە مەبەستی دەرخستنی کارایی دامەزراوە فێرکاریەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە دانیشتوانی شاری ئاکرێ پشت دەبەستین بە چەند پێوەرێکی دیاریکراویعێراقی تایبەت بەم بوارە، کە لە خشتەی(7)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (7) پێوەرەکانی پلاندانانی عێراق بۆ خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان**

| جۆری پێوەر | باخچەی منداڵان | قوناغی بنەڕەتی | قۆناغی ئامادەیی |
|---|---|---|---|
| دانیشتوان/ قوتابخانە | 5000 | 2500 | 10000 |
| ڕووبەر/ قوتابخانە | 3500 - 3000 | 5000 | 12000 -10000 |
| قوتابی/ قوتابخانە | 120 - 100 | 440 | 408 |
| هۆبە/ قوتابخانە | 4 | 12 | 12 |
| قوتابی/ هۆبە | 30 - 25 | 36 - 25 | 30 |
| قوتابی/ مامۆستا | 20 | 20 | 18 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە 1- محمود, كامران ولي (2006), التوزيع الجغرافي الحالي والمثالي للمدارس الإعدادية في مدينة أربيل(دراسة مقارنة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية), , رسالة ماجستير (غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الآداب, جامعة صلاح الدين- أربيل, قسم الجغرافية, أربيل,ص20,34.

2- گۆران، باسم قاسم (2022)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە شاری بەردەرەش بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراو)، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا، هەولێر،ل30.

## 3 ـ 1 ـ 1ـ کارایی وەزیفیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەگوێرەی پێوەری دانیشتوان

مەبەست لەم پێوەرە بەهەند وەرگرتنی ژمارە و دابەشبوونی دانیشتوانە کە بەهۆیەوە ڕادەی پێویستی کۆمەڵگا بۆ جۆرەکانی ئەم خزمەتگوزاریە بەپێی قۆناغەکانی خوێندن دیاریدەکریت، بەگوێرەی پلاندانانی عێراقی بۆ بونیادنانی دامەزراوە فێرکاریەکان لەهەر قۆناغێکی خوێندن پشت دەبەستێت بە ژمارەیەکی دیاریکراوی دانیشتوان، بۆنموونە یەک باخچەی منداڵان بەرامبەرە بە (5000) کەس، بۆ قۆناغی بنەڕەتی (2500) کەس لە دانیشتوان بەرامبەرە بە یەک قوتابخانە، هەروەها بۆ قۆناغی ئامادەیی بۆ(10000)کەس لە دانیشتوان یەک قوتابخانەی دابیندەکرێت، لێرەدا دوای هەڵسەنگاندنی ئەم خزمەتگوزاریانە بەگوێرەی ئەم پێوەرانە بەپێی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە ئەم خاڵانەی خوارەوە تێبینی دەکرێت، خشتەی (8):

1- پێویستی ڕاستەقینەی شارەکە تەنها(12) باخچەی منداڵانە و لەئێستادا لەشارەکەدا (10) باخچەی منداڵان هەن، بەمەش شارەکە پێویستی بە(2) باخچەی تر هەیە، بەڵام جگە لە(3) باخچە کە بینای تایبەت بەخۆیان هەیە و ئەوانیتر لە قوتابخانەکان بەپێی پێویستیان پۆلیان بۆ دابینکراوە.

2- قۆناغی بنەڕەتی: بەگوێرەی پێوەر ئەم قۆناغە پێویستی بە (24) قوتابخانە هەیە، ئەمە لەکاتێکدا لە ئێستادا لە شارەکەدا (39) قوتابخانە بونیان هەیە، بەمەش ناوچەکە (15) دامەزراوەی زیاد لەخۆدەگرێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەو گۆڕانکاریانە دەگەڕێنەوە کە لە قۆناغەکانی خوێندندا لەم ساڵانەی دواییدا ڕوویدا و بووە هۆی یەکگرتنی هەردوو قۆناغی سەرەتایی(1-6) و ناوەندی(7-9) و بچووکیی ڕووبەرەکانیان.

3- ئەوەی تایبەتە بە قۆناغی ئامادەیی وەک دەرکەوتووە لەئێستادا(10) قوتابخانەی ئامادەیی هەن لەکاتێکدا بەپێی ئەم پێوەرە شارەکە تەنها پێویستی بە(6) قوتابخانەی ئەم قۆناغە هەیە.

**خشتەی (8) نیشاندەرەکانی**
**هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شاری ئاکرێ**

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە زانیاریە بەدەست هاتووەکان

⬇ - کەمتر لە پێوەر    = - هاوتایە بە پێوەر    ⬆ زیاتر لە پێوەر

## 3 ـ 1 ـ 2 ـ کارایی وەزیفیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەگوێرەی پێوەری ڕووبەر

لەبەرچاوگرتنی ڕووبەر لە دابینکردنی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەجیاوازی جۆرەکانیانەوە بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ بەرەوپێشچۆنی زانست و باشتربوونی ڕەوشی قوتابیان، لەبەرئەوەی لەڕێگەی ئەم پێوەرەوە دەتوانرێت

| خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان | پێوەری عێراقی خزمەتگوزاری/ دانیشتوان | دۆخی ئێستا | پێویستی | کەم | زیاد |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 5000 | 10 ⬇ | 12 | 2 | --- |
| قوناغی بنەڕەتی | 2500 | 39 ⬆ | 24 | --- | 15 |
| قۆناغی ئامادەیی | 10000 | 10 ⬆ | 6 | --- | 4 |
| ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی 2024=59153 | | | | | |

بەشی قوتابی لە ڕووبەری قوتابخانە دیاریبکرێت، تاوەکو بەرکەوتەی قوتابی لە ڕووبەری ئەم خزمەتگوزاریە زیاتر بێت توانای مامۆستا و قوتابیان لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەرزتر دەبێت، بەگوێرەی پلاندانانی عێراقی بۆ هەر جۆرێکی

خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن ڕووبەرێکی دیاریکراو دابینکراوە، هەڵسەنگاندنی ئەم پێوەرە بۆ جۆرەکانی ئەم خزمەتگوزاریە لە شاری ئاکرێ بەم شێوەی خوارەوەیە:

**3 ـ 1 ـ 2 ـ 1. باخچەی منداڵان:** جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بۆ باخچەی منداڵان ئەم خاڵانە تێبینی دەکرێت، خشتەی (9):

**1- باخچە/ ڕووبەر:** ڕووبەری گشتی هەر باخچەیەکی منداڵان بەپێی پێوەری پلاندانانی عێراقی پێویستە لەنێوان(3-3.5) هەزار م$^2$ بێت، لە ناوچەی توێژینەوە لەکۆی(10) باخچەی منداڵان تەنها(3) لە باخچەکان ڕووبەریان هەیە و باخچەکانی تر بینای تایبەت بەخۆیان نیە، باخچەی منداڵانی وەرین کە ڕووبەرەکەی(2230م$^2$)ە کەمترە لە پێوەری دیاریکراو، هەروەها ڕووبەری باخچەی منداڵانی هەنگ(2930م$^2$) ئەم ڕووبەرەش زۆر نزیکە لە هاوتای ئەم پێوەرە ، سەبارەت بە باخچەی منداڵانی ئاکرێ ڕووبەرەکەی زیاترە لە پێوەر، واتە تەنها دوو باخچەی منداڵان لە شارەکە لەڕووی ڕووبەرەوە لەگەڵ پێوەری عێراقی گونجاون.

**2- منداڵ/ ڕووبەر:** بەگوێرەی پێوەری عێراقی پشکی منداڵان لە ڕووبەری گشتی باخچەکاندا بۆ هەر منداڵێک بریتیە لە(30-35م$^2$)، بەجۆرێک کە ژمارەی منداڵانی باخچە لەنێوان(100-120) زیاتر نەبێت، لە ناوچەی توێژینەوە زۆرترین پشکی منداڵ لەم خزمەتگوزاریە لە باخچەی منداڵانی ئاکرێ بەدیدەکرێت، بەجۆرێک پشکی هەر منداڵێکی ئەم باخچەیە دەگاتە(13.8م$^2$) ئەم پشکەش کەمترە لە پێوەری دیاریکراو کە هەرچەندە ڕووبەری باخچەکە لە پێوەر زیاترە بەڵام لێرەدا زۆری ژمارەی منداڵانی باخچەکە هۆکاربووە، دوابەدوا هەردوو باخچەی منداڵانی هەنگ و وەرین بەپلەی نزمتر دێن.

**خشتەی (9)**

**نیشاندەرەکانی هەڵسەنگاندنی ڕووبەری باخچەی منداڵان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی خوێندنی(2024-2025)**

| باخچەی منداڵان | ژ.منداڵ | ڕووبەر/م2 | پشکی منداڵ لە ڕووبەر/م2 | باخچەی منداڵان | ژ.منداڵ | ڕووبەر/م2 | پشکی منداڵ لە ڕووبەر/م2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژین | 54 | --- | --- | سیپەل | 91 | --- | --- |
| وەرین | 201 | ↓ 2230 | ↓ 11 | نێرگز | 45 | --- | --- |
| هەنگ | 446 | = 2930 | ↓ 6.6 | گرنژین | 114 | --- | --- |
| پەلاتینک | 99 | --- | --- | ئاکرێ | 308 | ↑ 4260 | ↓ 13.8 |
| ڤەژین | 44 | --- | --- | سیسنوک | 63 | --- | --- |
| ناوەندی ژمارەی منداڵ= 147 | | | | ناوەندی ڕووبەری باخچەی منداڵان= 3140 م = | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەکانی(1، 7).

**3 ـ 1ـ 2 ـ 2 قۆناغی بنەڕەتی:** هەڵسەنگاندنی پێوەری ڕووبەر بۆ ئەم قۆناغە تێبینی ئەم خاڵانە دەکرێت، خشتەی (10):

**1- قوتابخانە/ ڕووبەر:** بەگوێرەی پلاندانانی عێراقی ڕووبەری گشتی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە لە(5) هەزار م$^2$ دیاریکردووە، دوای جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بەسەرنجدان لە خشتەی(12) تێبینی دەکرێت هەریەک لە قوتابخانەکانی (گوڵان، ژین، ڕزگاری، کۆچینە حەسەن، پیران، باران، پیکەسەر، سەرهەڵدان و سوسنای نوێ) ڕووبەریان زیاترە لەگەڵ پێوەری دیاریکراو، گشت قوتابخانە بنەڕەتیەکانی تر ڕووبەریان لە پێوەر کەمترە بەهۆی ئەوەی زۆربەیان لە ڕابردوودا بۆ قۆناغی سەرەتایی (1-6) دروستکراون.

**2- قوتابی/ ڕووبەر:** ڕووبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکان کاریگەریان هەیە لەسەر بەرکەوتەی پشکی قوتابی لە ڕووبەری گشتیان، ئەمەش بەراوردکردن بەپێوەری پلاندانانی عێراق کە پشکی قوتابی پێویستە (12م$^2$) بێت، بەگوێرەی ئەنجامەکان دەرکەوتووە زۆربەی قوتابخانەکان بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەکان پشکیان لەخوار پێوەری دیاریکراوە، بەجۆرێک تەنها هەر چوار قوتابخانەی(پیران، باران، ئشکەفتە مغارە و گۆشینە) یەک لەدوای یەک(14.4م$^2$، 12.8م$^2$، 29.8م$^2$، 14.8م$^2$) پشکی قوتابیان لە پێوەر زیاترە.

**خشتەی (10)**

**نیشاندەرەکانی هەڵسەنگاندنی ڕووبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی خوێندنی (2024–2025)**

| قوتابخانەی بنەڕەتی(1–9) | ژ.قوتابی | ڕووبەر/م2 | پشکی قوتابی/م2 | قوتابخانەی بنەڕەتی | ژ.قوتابی | ڕووبەر/م2 | پشکی قوتابی/م2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاڤیڤان | 237 | ↓2400 | ↓10.1 | پیران | 570 | ↑8230 | ↑14.4 |
| کوردینی | 269 | | ↓8.9 | فەقێ تەیران | 454 | ↓3150 | ↓6.9 |
| گوڵان | 593 | ↑5900 | ↓9.9 | کانی زەرک | 289 | ↓1420 | ↓4.9 |
| ژین | 796 | ↑5400 | ↓6.8 | سیپە | 562 | ↓1760 | ↓3.1 |
| هنداف | 444 | ↓1900 | ↓4.3 | ئاکرێ | 376 | ↓2160 | ↓5.7 |
| چارچرا | 598 | ↓3415 | ↓5.7 | باوەری | 867 | ↓2730 | ↓3.1 |
| بیۆک | 168 | ↓590 | ↓3.5 | مەلایێ جزیری | 499 | ↓1960 | ↓3.9 |
| میرزەند | 893 | ↓4850 | ↓5.4 | ئەیلول | 640 | ↓3750 | ↓5.9 |
| ڕزگاری | 873 | ↑6500 | ↓7.4 | باران | 670 | ↑8590 | ↑12.8 |
| سەرەوەری | 949 | ↓2900 | ↓3.1 | پیکەسەر | 779 | ↑5900 | ↓7.6 |
| ئالەیێ | 931 | ↓2260 | ↓2.4 | پەیڤین | 464 | ↓2930 | ↓6.3 |
| مەرام | 495 | ↓1860 | ↓3.8 | ئشکەفتە مغارە | 42 | ↓1250 | ↑29.8 |
| زەلال | 1329 | ↓2415 | ↓1.8 | سەرهەلدان | 602 | ↑5715 | ↓9.5 |
| بیرمەند | 312 | ↓990 | ↓3.2 | خرپە ژێری | 311 | ↓1660 | ↓5.3 |
| نێرگزلاند | 345 | ↓400 | ↓1.2 | گوشینە | 86 | ↓1270 | ↑14.8 |
| ڕۆژهەلات | 427 | ↓590 | ↓1.4 | ڕەزووک | 167 | ↓700 | ↓4.2 |
| سماقوک | 102 | ↓780 | ↓7.6 | سوسنا | 864 | ↓3325 | ↓3.8 |
| کۆچینە ملا فرزو | 992 | ↓2300 | ↓2.3 | سوسنا نوێ | 617 | ↑6950 | =11.3 |
| کوردستان | 373 | ↓1180 | ↓3.2 | کەلی ستی | 116 | ↓400 | ↓3.4 |
| کۆچینە حەسەن | 1422 | ↑7160 | ↓5 | --- | | --- | |
| ناوەندی ژمارەی قوتابیان= 552 | | | | ناوەندی ڕووبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکان= 3095.8 م$^2$ ↓ | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەکانی(2، 7).

**3 ـ 1 ـ 2 ـ 3ـ قۆناغی ئامادەیی:** بەجێبەجێکردن و بەراوردکردنی پێوەری ڕووبەر بۆ قوتابخانە ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە تێبینی ئەم خاڵانە دەکرێت، خشتەی (11):

**1– قوتابخانە/ ڕووبەر:** ئەو ڕووبەرەی کە پلاندانانی عێراقی بۆ قوتابخانەکانی قۆناغی ئامادەیی دانراوە لەنێوان (10–12) هەزار م$^2$ دایە، بەراوردکردنی تایبەتمەندی ئەم پێوەرە لە ڕووبەری گشتی قوتابخانە ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بەدی ناکرێت ، و گەورەترین قوتابخانە بریتیە لە ئامادەیی(سوسنا کچان) کە ڕووبەرەکەی(6630م$^2$)، ئەمەش بەهۆی لاوازی لە پلاندانان کە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە ڕووبەری گشتیان لە خوار پێوەری دیاریکراون و تەنانەت ناوەندی ڕووبەریان ناگاتە ئەو پێوەرەی کە بۆیان دانراوە.

**2– قوتابی/ ڕووبەر:** سەبارەت بە پشکی قوتابیان لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شارەکە دەرکەوتووە نەگونجانی ڕووبەری گشتی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە لەگەل پێوەر کاریگەریان هەبووە لەسەر پشکی قوتابی لە هەر قوتابخانەیەک، بەجۆرێک جگە لە ئامادەیی زاگرۆس کە هەرچەندە ڕووبەرە گشتیەکەی کەمترە لە پێوەر بەڵام کەمی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەکە وایکردووە لەم ڕووەوە لەگەل پێوەر گونجاو بێت، بەجۆرێک پشکی قوتابی لە قوتابخانەکە (52.2م$^2$)یە، قوتابخانەکانی تریش لەخوار ئەو پێوەرەن کە پلاندانانی عێراقی پشکی قوتابی لەهەر قوتابخانەیەکی ئەم قۆناغە لەنێوان(25–30م$^2$)دیاریکردووە.لەگشت ئەم دەرئەنجامانەی پێشەوە بە پشت بەستن بە پێوەرە دیاریکراوەکانی پلاندانان بۆمان دەردەکەوێت کە کەم و کوڕی و ناڕیکیەکی زۆر هەیە لە بەرکەوتەی گۆڕاوەکان بۆ یەکتری لە شاری ئاکرێ، ئەمەش

لێکەوتەی نەرێنی جێهێشتووە لە خزمەتکردنی دانیشتوانی ناوچەکە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جێبجێ نەکردنی پێوەرەکانی پلاندانان.

**خشتەی (11) نیشاندەرەکانی هەڵسەنگاندنی ڕووبەری قوتابخانە ئامادەییەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی خوێندنی (2024–2025)**

| قوتابخانەی ئامادەیی | ژ.قوتابیان | ڕووبەر/م2 | پشکی قوتابی/م2 | قوتابخانەی ئامادەیی | ژ.قوتابیان | ڕووبەر/م2 | پشکی قوتابی/م2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بارزانی کوڕان | 428 | 2880 ↓ | ↓ 6.7 | ڕەزێ میری کچان | 437 | ↓ 5900 | ↓ 13.5 |
| ئاکرێ ئیڤاران کوڕان | 272 | | ↓ 10.6 | زاگرۆس تێکهەڵ | 46 | ↓ 2400 | ↑ 52.2 |
| کەلی کچان | 428 | 3300 ↓ | ↓ 7.7 | ئاکرێ تێکهەڵ | 741 | ↓ 5400 | ↓ 7.3 |
| ئاکرێ ئیڤاران کچان | 151 | | ↓ 21.9 | ئازادی کچان | 957 | ↓ 6230 | ↓ 6.5 |
| سوسنا کچان | 527 | ↓ 6630 | ↓ 12.6 | بەختیاری کوڕان | 1190 | ↓ 5950 | ↓ 5.0 |
| ناوەندی ژمارەی قوتابیان= 518 | | | | ناوەندی ڕووبەری قوتابخانە ئامادەییەکان= 4836.3م$^2$ ↓ | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەکانی(3، 7).

### 3 ـ 1 ـ 3 ـ کارایی وەزیفیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەگوێرەی پێوەری دووری

دووری بە گرنگترین پێوەر دادەنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان ، مەبەست لێی ئەو مەودایە کە دانیشتوان بە پێ دەیبرێ بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان، ئەم پێوەرە بەکاردەهێنرێت بۆ پێشکەشکردن و بەهێزکردنی خزمەتگوزاریەکان بەو پێیەی بنەمایەکە بۆ ڕونکردنەوەی ڕێکخستنە شوێنیەکان لە بوارێکی جوگرافیدا(سلیم، 2014، ص280). بۆ دیاریکردنی ماوەی کاریگەریی ڕەگەزەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکانی شاری ئاکرێ پشتمان بەستووە بە بەکارهێنانی تەکنیکی پشتێنەی کاریگەری(Buffer)(Effect Zone)کە بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی شیکردنەوەی شوێنیی دادەنرێت لە چوارچێوەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS) بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی کاریگەری ڕەگەزەکانی هەر دیاردەیەک بۆ ناوچەکانی دەوروبەری، بەجۆرێک لە چوارچێوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان سنووری شوێنی بۆ ئەو ناوچانە دیاریدەکات کە دانیشتوان سوودمەندن لەو خزمەتگوزاریانە لەگەڵ ئەو ناوچانەش کە بێبەشن لێی(عیدان,2015,ص191). دوای جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بەسەر خزمەتگوزاریە فێرکاریەکانی شاری ئاکرێ دەرئەنجامەکەی لەم خاڵانەی خوارەوە تێبینی دەکرێت، خشتەی (12) و نەخشەکانی (5، 6، 7):

1- بەگوێرەی پێوەری عێراقی پشتێنەی کاریگەری باخچەی منداڵان بریتیە لە(300م) ئەمەش دووریەکی گونجاوە کە منداڵان ڕۆژانە دەتوانن بۆ ماوەی(5) خولەک ئەو مەودایە ببرن، ناوچەی توێژینەوە بەڕووبەری(255) هێکتار لەژێر کاریگەری ئەم خزمەتگوزاریەدایە، تەنها(11.2%) ڕووبەری شارەکە داپۆشراوە، هیچ گەڕەکێکی شار بەتەواوی نەکەوتووتە ژێر پشتێنەی کاریگەری باخچەی منداڵان.


**خشتەی (12)**

**بەهاکانی پشتێنەی کاریگەریی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی(2024)**

| خزمەتگوزاریەکان | ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری/هێکتار | % ڕێژەکەی بەگوێرەی ڕووبەری شار | %ڕێژەی کەموکوڕی |
|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 255 | 11.2 | 88.8 |
| قۆناغی بنەڕەتی | 1243 | 54.6 | 45.4 |
| قۆناغی ئامادەیی | 1308 | 57.4 | 42.6 |
| ڕووبەری گشتی ناوچەی نیشتەجێبوون = 2278 هێکتار | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە جێبەجێکردنی پێوەری(Buffer) لە پرۆگرامی(Gis)

**نەخشەی (5) پشتێنەی کاریگەریی(Buffer) قۆناغی باخچەی مندالآن لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی (2024)**





سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە جێبەجێکردنی پێوەری(Buffer) لە پڕۆگرامی(Gis)

2- ئەو دووریەی کە پلاندانانی عێراق بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دیاریکردوە بریتیە لە(400م) ئەم دووریەش قوتابیان لەدوای تەمەنی قۆناغی باخچەی مندالآن دەتوانن بۆ ماوەی(15) خولەک ببڕن، دوای جێبەجێکردنی پێوەری(Buffer) دەرکەوتووە ناوچەکە بەڕووبەری(1243) هێکتار دەکەوێتە ژێر پشتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزاریە، بەڕێژەی(45.4%) کەموکۆڕی لە پلاندانانی خزمەتگوزاریەکەدا هەیە، ئەمەش بەهۆی کەمی مەودای نێوان هەندێک لە قوتابخانەکان وایکردووە بەیەکداچوونێکی بەهێز لە پشتێنەی کاریگەری خزمەتگوزاریەکە لەزۆربەی بەشەکانی شار دروست بێت.

3- هەرچی تایبەتە بە قۆناغی ئامادەیی قوتابیان لەم قۆناغەی خوێندن دەگەنە تەمەنی پێگەیشتن توانایان زیاتر دەبێت بۆ گەیشتن بە دەمەزراوە فێرکاریەکان و دەتوانن مەودایەکی زیاتر بۆ ماوەی(25) خولەک ببڕن بەراورد بەو مەودایەی کە لە قۆناغی پێشوو بڕیویانە، هەربۆیە پلاندانانی عێراق(1000م) بۆ پشتێنەی کاریگەری قوتابخانە ئامادەیەکان دیاریکراوە، ڕووبەری پشتێنەی ئەم خزمەتگوزاریە لە ناوچەی توێژینەوە دەگاتە(1308) هێکتار، و بەڕێژەی(57.4%) ڕووبەری شارەکە داپۆشراوە، بەپێی ئەم ئەنجامانە بەڕێژەی(42.6%) کەموکۆڕی لە ئاسانی گەیشتن بۆ خزمەتگوزاریەکە هەیە.


دەرئەنجامەکانی پێشەوە ئەوە دەگەیەنن کە ڕووبەرێکی فراوانی ناوچەی توێژینەوە بێبەشن لە خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ناڕێکی لە دابەشبوونی جوگرافی ڕەگەزەکانی خزمەتگوزاریەکان.

**نەخشەی (6) پشتێنەی کاریگەریی(Buffer) قۆناغی بنەڕەتی لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی (2024)**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە جێبەجێکردنی پێوەری(Buffer) لە پڕۆگرامی(Gis)

**نەخشەی (7) پشتێنەی کاریگەریی(Buffer) قۆناغی ئامادەیی لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی (2024)**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە جێبەجێکردنی پێوەری(Buffer) لە پڕۆگرامی(Gis)

### 3 ـ 2 ـ کارایی وەزیفیی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەگوێرەی نیشاندەرەکانی پلاندانان

نیشاندەرەکانی پلاندانان هۆکارێکن بۆ پێوانەکردنی کارایی وەزیفیی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و دیاریکردن لایەنی کەم و کورِی بۆ ئەم خزمەتگوزاریانە لە ناوچەییەکی دیاریکراودا. بۆ گەیشتن بە توانستی وەزیفی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە ناوچەی توێژینەوە چەند نیشاندەرێکی پەیوەست بە هەڵسەنگاندنی گۆڕاوەکانی ئەم خزمەتگوزاریە بەکاردەهێنین، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکە هەر نیشاندەرێک بەجیا بۆ جۆرەکانی ئەم خزمەتگوزاریە ئەنجام دەدەین بەم شێوەی خوارەوە:

**3 ـ 2 ـ 1ـ باخچەی منداڵان:** نیشاندەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئەم خزمەتگوزاریە ئەمانەن، خشتەی (13):

**1- نیشاندەری منداڵ/باخچە:** ئەم نیشاندەرە توانای ئەو باخچانە دیاریدەکات کە ژمارەیەکی دیاریکراوی منداڵ لەخۆدەگرن، بەگوێرەی پلاندانانی عێراق هەر باخچەیەک ژمارەی منداڵانی لەنێوان (100–120)منداڵ دەبێت، هاوتای ئەم پێوەرە یان کەمتر بەلایەنێکی باشی ئەم خزمەتگوزاریە دادەنرێت، بەسەرنجدان لە خشتەی(44) تێبینی دەکرێت هەریەک لە باخچەی منداڵانی(هەنگ، ئاکرێ و وەرین) یەک لەدوای یەک(446، 308، 201) منداڵ لەخۆدەگرن، ئەم ژمارانەش زیاترن لە پێوەری دیاریکراو، لەبەرامبەردا باخچەی وەرین ژمارەی منداڵانی هاوتایە لەگەل پێوەر بەجۆرێک باخچەکە(114)منداڵ لەخۆدەگرێت، هەروەها باخچەکانی(ژین، پەلاتینک، ڤەژین، سیپەل، نێرگز و سیسنوک) کە ژمارەی منداڵانی لەخوار پێوەری دیاریکراوە کاریگەری باشیان دەبێت.

**2- نیشاندەری پۆل/باخچە:** پلاندانانی عێراقی ژمارەی پۆلەکانی خوێندنی هەر باخچەیەک بۆ منداڵان لە(4) پۆل دیاریکردووە، دابینکردنی پۆلەکان بەپێی پێوەری دیاریکراو دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابیان بەشێوەیەکی گونجاو بەسەر پۆلەکاندا دابەش ببن، دابەشبوونی ژمارەی پۆلەکانی هەریەک باخچەی منداڵانی(ئاکرێ، وەرین، هەنگ، سیپەل، نێرگز) یەک لەدوای یەک (9، 8، 7 ،5، 5) پۆلن ئەم ژمارانەش زیاترن لە پێوەر و لەم ڕوویەشەوە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندنی ئەو باخچانە بەمەرجێک ژمارەی قوتابیان لەنێو پۆلەکاندا لە پێوەر زیاتر نەبێت، هەروەها باخچەی منداڵانی پەلاتینک کە ژمارەی پۆلەکانی دەگاتە(4) پۆل هاوتایە لەگەل ستانداردی عێراقی، لەبەرامبەردا باخچەکانی(ژین، ڤەژین، سیسنوک و گرنژین) ژمارەی پۆلەکانیان کەمترن لە پێوەری دیاریکراو، باخچەی هەنگ بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیان دابەشکراون بەسەر هۆبەکاندا.

**3- نیشاندەری منداڵ/پۆل:** بەگوێرەی پلاندانانی عێراق پێویستە(25–30) منداڵ لەنێو هەر پۆلێکی باخچەی منداڵان بن، زیادبوونی ژمارەی منداڵان لەنێو پۆلەکاندا لە پێوەری دیاریکراو کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر پرۆسەی فێربوون، لە ناوچەی توێژینەوە هەریەک لە باخچەکانی(ژین، وەرین و پەلاتینک) دابەشبوونی منداڵان بەسەر پۆلەکاندا هاوتای پێوەری دیاریکراون بەوپێیەی لەنێو پۆلەکانی ئەو باخچانە یەک لەدوای یەک(27، 25، 25) منداڵ هەن، هەروەها لە باخچەکانی(ڤەژین، سیپەل و نێرگز) کە ژمارەی منداڵان لەنێو پۆلەکانیاندا لەخوار پێوەرن بەخاڵی ئەرێنی ئەو باخچانە هەژماردەکرێت، لەبەرامبەردا لە باخچەکانی(گرنژین، ئاکرێ، هەنگ و سیسنوک) لەنێو پۆلەکانیاندا (38، 34، 32، 32) منداڵ هەن ئەم ژمارانەش تاڕادەیەک لەگەل پێوەری ستاندارد ناگونجن.

5- **نیشاندەری منداڵ/مامۆستا:** پلاندانانی عێراقی پشکی مامۆستا لە بەرکەوتەی منداڵانی باخچە بە (20) منداڵ بەرامبەر یەک مامۆستا دیاریکردووە ، بەپێی ئەم پێوەرە تاوەکو پشکی مامۆستا لە خۆگرتنی قوتابیان کەمتر بێت لە ئاستی دیاریکراو ئاماژەیە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری فێرکاری و بەرەوپێشچۆنی توانای منداڵانی ئەو باخچانە، دوای جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە وەک لە خشتەکە تێبینی دەکرێت لە گشت باخچەی منداڵانی ناوچەکە پشکی مامۆستا لە منداڵانی باخچەکان لە خوار پێوەری دیاریکراون و زۆرترین بەرکەوتەی مامۆستا لە باخچەکانی(پەلاتینک، ئاکرێ، ژین، هەنگ و سیسنوک) بووە.

**خشتەی (13)**

**نیشاندەرەکانی پلاندانان بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڕاوەکانی باخچەی منداڵان لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| باخچەی منداڵان | ک.دەوام | ژ.منداڵ/باخچە | ژ.پۆل/باخچە | ژ.هۆبە | ژ.منداڵ/پۆل | ژ.مامۆستا | ژ.منداڵ/مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژین | 1 | ↓ 54 | ↓ 2 | --- | = 27 | 5 | ↓ 11 |
| وەرین | 1 | ↑ 201 | ↑ 8 | --- | = 25 | 23 | ↓ 9 |
| هەنگ | 2 | ↑ 446 | ↑ 7 | 14 | ↑ 32 | 39 | ↓ 11 |
| پەلاتینک | 1 | ↓ 99 | = 4 | --- | = 25 | 7 | ↓ 14 |
| ڤەژین | 1 | ↓ 44 | ↓ 2 | --- | ↓ 22 | 5 | ↓ 9 |
| سیپەل | 1 | ↓ 91 | ↑ 5 | --- | ↓ 18 | 11 | ↓ 8 |
| نێرگز | 1 | ↓ 45 | ↑ 5 | --- | ↓ 9 | 8 | ↓ 6 |
| گرنژین | 1 | = 114 | ↓ 3 | --- | ↑ 38 | 12 | ↓ 10 |
| ئاکرێ | 1 | ↑ 308 | ↑ 9 | --- | ↑ 34 | 23 | ↓ 13 |
| سیسنوک | 1 | ↓ 63 | ↓ 2 | --- | ↑ 32 | 6 | ↓ 11 |
| تێکرایی | | 147 | 5 | --- | 29 | --- | 10 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەکانی(1، 7).

**3 ـ 2 ـ 2 ـ قۆناغی بنەڕەتی:** نیشاندەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناغەی خوێندن ئەمانەن، خشتەی (14):

**1- نیشاندەری قوتابی/قوتابخانە:** پلاندانانی عێراقی توانای لەخۆگرتنی قوتابیان لەهەر قوتابخانەیەکی ئەم قۆناغە بە(440) قوتابی دیاریکراوە، پاش بەراوردکردنی ئەم پێوەرە لەگەڵ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوچەی توێژینەوە وەک لە خشتەی(45) دەرکەوتووە لەکۆی(39) قوتابخانە ژمارەی قوتابیانی هیچ قوتابخانەیەک هاوتای پێوەری دیاریکراو نین، لەنێوانیاندا(14) قوتابخانە کە بەڕێژەی(36%) قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە پێکدێنن لە خوار پێوەرن، لە بەرامبەریشدا (25) قوتابخانەی تر کە ڕێژەیان دەگاتە(64%)ی کۆی قوتابخانەکان ژمارەی قوتابییەکانیان لە پێوەر زیاترن، هەروەها تێکرایی قوتابی لە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە دەگاتە(552) قوتابی ئەمەش زۆر زیاترە لە پێوەر، هۆکارەکەشی بۆ کەمی دامەزراوەکان بەرامبەر زۆری قوتابیانی ئەم قۆناغەی خوێندن دەگەڕێتەوە.

**خشتەی (14)**

**نیشاندەرەکانی پلاندانان بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڕاوەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە شاری ئاکرێ بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| قوتابخانە | ک.دەوام | قوتابی /قوتابخانە | هۆبە /قوتابخانە | قوتابی/هۆبە | ژ.مامۆستا | قوتابی/مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاڤیڤان | 1 | ↓ 237 | ↓ 9 | = 26 | 13 | ↓ 18 |
| کوردینی | 1 | ↓ 269 | = 12 | ↓ 22 | 25 | ↓ 11 |
| گوڵان | 2 | ↑ 593 | ↑ 18 | = 33 | 38 | ↓ 16 |
| ژین | 1 | ↑ 796 | ↑ 21 | ↑ 38 | 40 | = 20 |
| هنداڤ | 2 | ↑ 444 | ↑ 14 | = 32 | 24 | ↓ 19 |
| چارچرا | 1 | ↑ 598 | ↑ 19 | = 31 | 39 | ↓ 15 |
| بیۆک | 2 | ↓ 168 | ↓ 7 | ↓ 24 | 13 | ↓ 13 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ↓ 16 | 56 | = 31 | ↑ 29 | ↑ 893 | 2 | میرزەند |
| ↓ 16 | 55 | = 30 | ↑ 29 | ↑ 873 | 2 | ڕزگاری |
| ↓ 14 | 68 | = 26 | ↑ 36 | ↑ 949 | 2 | سەروەری |
| ↓ 19 | 50 | = 31 | ↑ 30 | ↑ 931 | 2 | ئاڵەیێ |
| ↓ 17 | 30 | = 35 | ↑ 14 | ↑ 495 | 2 | مەرام |
| ↑ 22 | 60 | ↑ 42 | ↑ 32 | ↑ 1329 | 2 | زەلاڵ |
| ↓ 14 | 23 | = 26 | = 12 | ↓ 312 | 2 | بیرمەند |
| ↓ 13 | 27 | = 29 | = 12 | ↓ 345 | 2 | نێرگزلاند |
| ↓ 18 | 24 | = 31 | ↑ 14 | ↑ 427 | 2 | ڕۆژهەڵات |
| ↓ 9 | 11 | ↓ 17 | ↓ 6 | ↓ 102 | 1 | سماقوک |
| = 20 | 50 | = 33 | ↑ 30 | ↑ 992 | 2 | کۆچینە ملا فرزو |
| ↓ 17 | 22 | ↓ 21 | ↑ 18 | ↓ 373 | 2 | کوردستان |
| ↑ 25 | 58 | ↑ 40 | ↑ 36 | ↑ 1422 | 2 | کۆچینە حەسەن |
| ↓ 13 | 45 | ↓ 24 | ↑ 24 | ↑ 570 | 2 | پیران |
| ↓ 13 | 34 | = 27 | ↑ 17 | ↑ 454 | 2 | فەقی تەیران |
| ↓ 12 | 25 | = 29 | ↓ 10 | ↓ 289 | 2 | کانی زەرک |
| ↓ 14 | 39 | = 31 | ↑ 18 | ↑ 562 | 2 | سیپە |
| ↓ 11 | 35 | ↓ 22 | ↑ 17 | ↓ 376 | 2 | ئاکرێ |
| ↓ 15 | 57 | = 32 | ↑ 27 | ↑ 867 | 2 | باوەری |
| ↓ 14 | 36 | = 29 | ↑ 17 | ↑ 499 | 2 | مەلایێ جزیری |
| ↓ 10 | 62 | ↓ 24 | ↑ 27 | ↑ 640 | 2 | ئەیلول |
| ↓ 13 | 50 | = 29 | ↑ 23 | ↑ 670 | 2 | باران |
| ↓ 14 | 57 | ↑ 43 | ↑ 18 | ↑ 779 | 1 | پیکەسەر |
| ↓ 12 | 38 | ↓ 24 | ↑ 19 | ↑ 464 | 2 | پەیڤین |
| ↓ 6 | 7 | ↓ 7 | ↓ 6 | ↓ 42 | 1 | ئشکەفتە مغارە |
| ↑ 33 | 18 | = 29 | ↑ 21 | ↑ 602 | 2 | سەرهەڵدان |
| ↓ 16 | 20 | = 26 | = 12 | ↓ 311 | 2 | خرپە ژێری |
| ↓ 8 | 11 | ↓ 12 | ↓ 7 | ↓ 86 | 1 | گۆشینە |
| ↓ 9 | 19 | ↓ 14 | = 12 | ↓ 167 | 2 | ڕەزووک |
| ↓ 16 | 53 | = 28 | ↑ 31 | ↑ 864 | 2 | سوسنا |
| ↓ 15 | 40 | = 28 | ↑ 22 | ↑ 617 | 2 | سوسنا نوێ |
| ↓ 8 | 14 | ↓ 19 | ↓ 6 | ↓ 116 | 1 | کەلێ ستی |
| ↓ 16 | --- | = 28 | ↑ 19 | ↑ 552 | تێکرایی | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە خشتەکانی(2، 7) .

**2- نیشاندەری هۆبە/قوتابخانە:** ژمارەی هۆبەکان لە قوتابخانەکانی لە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغەی خوێندن بەگوێرەی پلاندانانی عێراق بریتیە لە(12) هۆبە بۆ هەر قوتابخانەیەک، بەپێی ئەم پێوەرە لە شارەکە جگە لە قوتابخانەکانی(کوردینی، بیرمەند، نێرگزلاند، خرپەژێری و ڕەزووک) هاوتای پێوەری دیاریکراون، ئەوانەشی کە لە خوار ئەم پێوەرەن بریتین لە(ئاڤیڤان،

بێوک، سماقوک، کانی زەرک، ئشکەفتە مغارە، گۆشینە و کەلێ ستی) بەتێبینی کردن ئەمانە هەمان ئەو قوتابخانانەن کە ژمارەی قوتابیان لە خوار پێوەرە، قوتابخانەکانی تریش کە ژمارەیان(27) قوتابخانەیە و بەڕێژەی(69%) کۆی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە پێکدێنن ژمارەی هۆبەکانیان بەهەمان شێوەی تێکراکەیان لە پێوەر زیاترە.

**3- نیشاندەری قوتابی/هۆبە:** دابەشبوونی قوتابیانی ئەم قۆناغە بەسەر هۆبەکانی خوێندن بەگوێرەی پلاندانانی عێراق لەنێوان(25-36) قوتابیە بۆ هەر هۆبەیەکی خوێندن، لە شارەکەدا(23) قوتابخانەی ئەم قۆناغە کە (59%) سەرجەمی ئەم قوتابخانانە پێکدێنن هاوتای پێوەری دیاریکراون، ئەمەش لەئەنجامی دابەشکردنی قوتابیەکان لەزۆربەی قوتابخانەکان بۆ دوو کاتی دەوامکردن بۆنموونە ئەو دامەزراوانەی(6) پۆلیان هەیە بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیان لەهەردوو کاتەکە قوتابخانەکە(12) هۆبەی دەبێت، هەروەها (12) لە قوتابخانەکان ژمارەی قوتابیان لە نێو هۆبەکانی خوێندندا لە خوار پێوەرەن، قوتابخانەکانی تریش کە ژمارەیان(4) قوتابخانەیە و لەگەل ستانداردی ئەم پێوەرە ناگونجن.

**4- نیشاندەری قوتابی/مامۆستا:** پلاندانانی عێراق بەرکەوتەی پشکی مامۆستا لە قوتابیانی ئەم قۆناغە (20) قوتابی بۆ هەر یەک مامۆستا دیاریکراوە، دوای جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە دەرکەوتووە هەردوو قوتابخانەی (ژین و کۆچینە ملا فرزو) هاوتای ئەم پێوەرن، هەروەها لە(35) قوتابخانەی ئەم قۆناغە کە(90%) کۆی ئەم قوتابخانانە پێکدێنن پشکی مامۆستایان لە قوتابیان لەخوار پێوەری دیاریکراوە، ئەوەی لێرەدا خاڵی نەرێنی دروستدەکات ئەو قوتابخانانەن کە بەرکەوتەی مامۆستاکانیان بەرامبەر بە قوتابیان لە پێوەری دیاریکراو زیاترە، بەڵام ئەمە کاریگەری زۆریان نیە چونکە تەنها هەرسێ قوتابخانەی(سەرهەڵدان، کۆچینە حەسەن و زەڵال) بەپێی پێوەر لەگەل ئەم ستانداردە ناگونجن.

**3_2_3- قۆناغی ئامادەیی:** بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابخانە ئامادەییەکان ئەم نیشاندەرانەی خوارەوە بەکاردێنین، خشتەی (15):

**1- نیشاندەری قوتابی/قوتابخانە:** توانای لەخۆگرتنی قوتابخانە ئامادەییەکان لە قوتابیان بەگوێرەی پێوەری عێراقی بۆ هەر قوتابخانەیەک(408) قوتابیە، لە قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە لە شاری ئاکرێ وەک لە خشتەی(46) دەردەکەوێت ژمارەی قوتابیان لە هیچ قوتابخانەیەک هاوتای پێوەری دیاریکراو نین، لە نێوانیشیاندا لە کۆی(10) قوتابخانە (3) لەوانە لەخوار ئەم پێوەرەن ئەوانیش بریتین لە ئامادەییەکانی(ئاکرێ ئێڤاران کوڕان، ئاکرێ ئێڤاران کچان، زاگرۆس)، لە بەرامبەریشدا هەریەک لە ئامادەیەکانی(ئاکرێ تێکهەل، ئازادی کچان، بەختیاری کوڕان، بارزانی کوڕان، کەلێ کچان، سوسنا کچان، ڕەزێ میری کچان) بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیەکانیان ناگونجن لەگەل پێوەری دیاریکراو.

**خشتەی (15)**

**نیشاندەرەکانی پلاندانان بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڕاوەکانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری ئاکرێ بۆساڵی خوێندنی (2024-2025)**

| قوتابخانە | ک.دەوام | قوتابی/قوتابخانە | هۆبە/قوتابخانە | قوتابی/هۆبە | ژ.مامۆستا | قوتابی/مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زاگرۆس تێکهەل | 1 | ↓ 146 | ↓ 6 | ↓ 18 | 13 | ↓ 11 |
| ئاکرێ تێکهەل | 1 | ↑ 741 | ↑ 21 | ↑ 35 | 39 | ↑ 19 |
| ئازادی کچان | 2 | ↑ 957 | ↑ 26 | ↑ 37 | 53 | = 18 |
| بەختیاری کوڕان | 2 | ↑ 1190 | ↑ 35 | ↑ 34 | 67 | = 18 |
| بارزانی کوڕان | 1 | ↑ 428 | = 12 | ↑ 36 | 32 | ↓ 13 |
| ئاکرێ ئێڤاران کوڕان | 1 | ↓ 272 | ↓ 9 | = 30 | 20 | ↓ 14 |
| کەلێ کچان | 1 | ↑ 428 | ↑ 14 | ↑ 31 | 32 | ↓ 13 |
| ئاکرێ ئێڤاران کچان | 1 | ↓ 151 | = 12 | ↓ 13 | 8 | ↑ 19 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سوسنا کچان | 2 | ↑ 527 | ↑ 32 | ↓ 16 | 35 | ↓ 15 |
| ڕەزێ میری کچان | 1 | ↑ 437 | ↑ 14 | ↑ 31 | 36 | ↓ 12 |
| تێکرایی | | ↑ 518 | ↑ 18 | ↓ 27 | --- | ↓ 14 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەکانی(3، 7) .

**2- نیشاندەری هۆبە/قوتابخانە:** پلاندانانی عێراقی ژمارەی هۆبەکانی خوێندن لە قوتابخانە ئامادەییەکان (12) هۆبەی دیاریکردووە بۆ هەر قوتابخانەیەک، لەدوای جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بۆ قوتابخانە ئامادەیەکانی شارەکە دەرکەوتووە ئەو قوتابخانەنەی کە ژمارەی هۆبەکانیان هاوتا و خوار پێوەری دیاریکراوە هەمان ئەو قوتابخانانەن کە ژمارەی قوتابیانی نزیک لە هاوتا و خوار پێوەرە، ئەوانیش بریتین لە ئامادەییەکانی(ئاکرێ ئێڤاران کچان، بارزانی کوڕان، ئاکرێ ئێڤاران کوڕان، زاگرۆس) ژمارەی هۆبەکانیشیان یەک لەدوای یەک دەگاتە(12، 12، 9، 6)، سەبارەت بە ئامادەیەکانی تریش زۆری ژمارەی قوتابیەکانیان هۆکاربووە کە ژمارەی هۆبەکانیان لە پێوەر زیاتر بێت.

**3- نیشاندەری قوتابی/هۆبە:** لە قوتابخانە ئامادەیەکان دابەشبوونی قوتابیان بەسەر هۆبەکانی خوێندندا بەگوێرەی پێوەری عێراقی بریتیە لە(30) قۆتابی لە نێو هەر هۆبەیەکی خوێندن، ئەم پێوەرەش هاوتایە لەگەل ئامادەیی(ئاکرێ ئێڤاران کوڕان) لەهەمان کاتدا ئامادەیەکانی(کەلێ کچان و ڕەزێ میری کچان) زۆر نزیکن لە هاوتای ئەم پێوەرە، بەلام لە ئامادەیەکانی(زاگرۆس تێکهەل، سوسنا کچان، ئاکرێ ئێڤاران کچان) یەک لەدوای یەک(18، 16، 13) قوتابی بەسەر هۆبەکانیاندا دابەشبوون ئەم ژمارانەش بەهەمان شێوەی تێکراکەیان لەخوارەوەی ئەم پێوەرەن، لە بەرامبەریشدا لە ئامادەیەکانی(ئازادی کچان، ئاکرێ تێکهەل، بەختیاری کوڕان، بارزانی کوڕان) تا ڕادەیەک لەگەل پێوەری دیاریکراو ناگونجن.

**4- نیشاندەری قوتابی/مامۆستا:** پشکی مامۆستا لە قوتابیان لە قۆناغی ئامادەیی بریتیە لە(18) قوتابی بەرامبەر بە یەک مامۆستا بەپێی پلاندانانی عێراقی، لە ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بەهۆی گونجاوی دابەشبوونی مامۆستایان بەسەر قوتابخانەکاندا وایکردووە ئەم پێوەرە بەشێوەیەکی ئەرێنی دەربکەوێت، بەجۆرێک هەردوو ئامادەیی(ئازادی کچان، بەختیاری کوڕان) هاوتای ئەم پێوەرەن، هەروەها هەردوو ئامادەیی(ئاکرێ تێکهەل، ئاکرێ ئێڤاران کچان) زۆر نزیکن لە هاوتای ئەم پێوەرە، ئامادەیەکانی تریش کە ژمارەیان (6) قوتابخانەیە لەخوار پێوەری دیاریکراون، ئەمەش بەخاڵی ئەرێنی توانستی خزمەتگوزاریەکە دادەنرێت.

لەکۆتاییدا و بە پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی نیشاندەرەکانی پێوانەکردنی ڕەگەز و گۆڕاوەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری ئاکرێ گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە بەشێک لەو خزمەتگوزاریانە لەتوانایاندا نیە بەگوێرەی پێوەر و پێویستیەکانی دانیشتوان خزمەت پێشکەش بکەن.

**4 ـ دەرئەنجامەکان:** لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

1- ڕەگەز و گۆڕاوەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە ناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی جیاواز و ناهاوسەنگ دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا، بەجۆرێک بەشێک لە گەڕەکەکان بێبەشن لەم خزمەتگوزاریانە و بەشێکیش ژمارەیەکی زۆر و هەندێک لە گەڕەکەکانیش بەرکەوتەیەکی مامناوەندیان هەیە، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ لاوازیی پلاندانان لە شارەکەدا. بەجۆرێک ناوچەی توێژینەوە کە لە(36) گەڕەک پێکدێت و بەشێوەیەکی جیاواز جۆرەکانی ئەم خزمەتگوزاریە لەخۆدەگرن، وەک دابەشبوونی(10) باخچەی منداڵان بەسەر(10) گەڕەکی شارەکە، (39) قوتابخانەی بنەڕەتی لە(27) گەڕەک، هەروەها(10) قوتابخانەی ئامادەیی لە(7)گەڕەک.

2- کورتهێنان لە دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان و کێشەی کەمی بینایە و نەبوونی دامەزراوەی پێویست بۆ بەشێک لە قۆناغەکانی خوێندن و کەمی ڕووبەر بۆ بەشێکی دیکەیان، بەجۆرێک شارەکە پێویستی بە (7) باخچەی منداڵان و (4)قوتابخانەی ئامادەیی هەیە لەگەڵ نەبوونی ڕووبەری پێویست بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکان.

3- بەگوێرەی دەرئەنجامەکانی پشتێنەی کاریگەریی دەرکەوتووە کە ڕووبەرێکی فراوانی ناوچەی توێژینەوە بێبەشن لە خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ناڕێکی لە دابەشبوونی جوگرافی ڕەگەزەکانی خزمەتگوزاریەکان.

4- بەگوێرەی بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکانی ناوچەکە کە لەنێوان(0.9-1.3)یە ئاماژە بە دابەشبوونیان دەکات کە بەشێکیان شێوازێکی هەڕەمەکی و بەشێکی تریان شێوازی پەرشوبڵاوی ناڕێکیان وەرگرتووە. ئەمەش لە ئەنجامی ڕێکخستنی شوێنی دامەزراوەکانی ئەم خزمەتگوزاریە و گردبوونەوەی زۆریان لە چەند گەڕەکێکی دیاریکراوی شاردا و کەمی ڕێژەیان لە هەندێک گەڕەک و نەبوونیان لە هەندێکی تر بەهۆکاری بەرێکەوت.

5- جگە لە گونجاوی دامەزراوە فێرکاریەکان لەگەڵ قەبارەی دانیشتوانی شارەکە، بەڵام بە پشت بەستن بە پێوەرە دیاریکراوەکانی پلاندانان دەردەکەوێت کە کەم و کوڕی و ناڕێکیەکی زۆر هەیە لە بەرکەوتەی گۆڕاوەکانی دیکە بۆ یەکتری ، ئەمەش لێکەوتەی نەرێنی جێهێشتووە لە خزمەتکردنی دانیشتوانی ناوچەکە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێ نەکردنی پێوەرەکانی پلاندانان.

6- بە پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی نیشاندەرەکانی پێوانەکردنی ڕەگەز و گۆڕاوەکانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان دەرکەوتووە کە بەشێکی زۆر لە خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لەتوانایاندا نیە بەشێوەیەکی کارا و بەگوێرەی پێویستیەکانی دانیشتوان خزمەت پێشکەش بکەن.

## 5 ـ ڕاسپاردەکان:

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامەکان چەند پێشنیارێک دەخەینە بەردەم لایەنی پەیوەندار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی باشکردنی باری خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بە ئامانجی خزمەتکردنی دانیشتوانی شاری ئاکرێ.

1- بونیاتنانی دامەزراوەی نوێی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لەو گەڕەک و ناوچانەی بێبەشن لەم خزمەتگوزاری.

2- هەوڵدان بۆ فراوانکردنی ڕووبەری ئەو دامەزراوە فێرکاریانەی کە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاردان بەهۆی بچوکی و نەگونجاوی ڕووبەرەکەیان لەگەڵ پێداویستیەکانی دانیشتواندا. و دابینکردنی گۆڕاوەکانی ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە بە مەیەستی پڕکردنەوەی کەم و کوڕیەکانییان.

3- دووبارە ڕێکخستنەوەی دامەزراوە فێرکاریەکان بەمەبەستی هێنانەکایەی هاوسەنگی لە دابەشبونیان بە سەر تەواوی پانتایی ناوچەی توێژینەوەکە.

4- پشت بەستن بە بەکارهێنانی تەکنیکە نوێ و هاوچەرخە پێشکەوتووەکان لە کردارە ئاماری و پلاندانانیەکانی تایبەت بەم جۆرە خزمەتگوزاریە بەمەبەستی هەڵبژاردنی باشترین شوێن دامەزراندنی خزمەتگوزاریەکان و دیاریکردنی گۆڕاوەکانیان بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە شێوازی هەڕەمەکی لەکاتی دامەزراندنیان.

5- جەختکردن و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان لە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بە ئامانجی دابینکردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان بەگوێرەی خواست و پێویستی دانیشتوان.

## 6 ـ سەرچاوەکان:

### 6 ـ 1ـ پەرتووک


– الدليمي، خلف حسين على، 2009، تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية، اسس –معاير– تقنيات، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان.

– الدويكات، قاسم، 2000، نظم المعلومات الجغرافية، (بدون جهة الطبع)، ط1، عمان، الاردن.

– الشافعي، شريف فتحي، 2008، الدليل العلمي لادارة نظم المعلومات الجغرافيةGIS باستخدام مجموعة برمجياتArcGis Desktop، دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع، القاهرة.

– الخير، صفوح، 2000، الجغرافية موضوعها ومناهجها واهدافها، دار الفكر، دمشق.

– داود، جمعة محمد، 2012، اسس التحليل المكاني فى اطار نظم المعلومات الجغرافية، مكة المكرمة.

– عبدالله، نشوان شكرى، 2012، سكان محافظة دهؤك(1947–2006)، اتجاهات النمو وطبيعة التوزيع(دراسة جغرافية– كارتوغرافية وفق المناهج البخثية المعاصرةونظم المعلومات الجغرافية(GIS)، من مطبوعات الاكاديمية الكرديةمطبعة الحاج هاشم، اربيل.

### 6 ـ 2 ـ تێزی زانستی


– أبو شنب, سهير خليل محمد (2015), التحليل المكاني للخدمات التعليمية في محافظة رفح باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS), رسالة ماجستير (غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الآداب, جامعة الإسلامية, قسم الجغرافية ونظم المعلومات الجغرافية, غزة.

– المشهداني, زينب مهدي صالح (2021), كفاءة التوزيع للخدمات الصحية الحكومية في ناحية المنصور– مدينة بغداد, رسالة ماجستير (غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الآداب, جامعة العراقية, قسم الجغرافيا, بغداد.

– التميمي, رسمي محمد فرحان (2020),كفاءة الخدمات التعليمية في منطقة عكركوف, رسالة ماجستير (غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الآداب, جامعة العراقية, قسم الجغرافيا, بغداد.

– الزبيدى، منى ستار ابراهيم، 2005، الكفاءة المكانية والوظيفية لاستخدامات الارض الدينية والتعليمية فى مدينة تكريت، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية التربية، جامعة تكريت.

– المحياوي, شيماء فاضل حمود (2023), كفاءة التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في احياء الخضراء والعامرية والعدل واحطين, رسالة ماجستير (غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الآداب, جامعة العراقية, قسم الجغرافية ونظم المعلومات الجغرافية, بغداد.

– – حسن, كريم حميد (2022), التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في قضاء الراشدية,رسالة ماجستير (غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية التربية الأساسية, جامعة مستنصرية, قسم الجغرافية, بغداد.

– خيرالله, حسين علي جابر (2024), أستخدام نظم المعلومات الجغرافية لدراسة تجزئة الوجدة السكنية وتأثيرها على خدمات البني التحتية في مدينة الناصرية, أطروحة دكتوراه(غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية التربية للعلوم الإنسانية, جامعة البصرة, قسم الجغرافية, بصرة.

– رواندزی، عمر حسن حسين (2011), التحليل المكاني والوظيفي للخدمات التعليمية في مدينة سوران بأستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS), رسالة ماجستير (غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الآداب, جامعة صلاح الدين, قسم الجغرافية, أربيل.

– سليم, هيوا صادق (2012), التحليل الجغرافي لكفاءة التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في مدينة أربيل, أطروحة دكتوراه(غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الآداب, جامعة صلاح الدين–أربيل, قسم الجغرافية, اربيل.

– علی، هەردی عبدالرحمن حمه (2023)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری (تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ئاینی) لەشاری هەڵەبجە، تێزی دکتورا (بڵاونەکراە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، سلێمانی.

– – عزیز، امیر قادر (2013)، هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بەکارهێنانەکانی زەوی ئاینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراە)، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا، هەولێر.

– عبدالله، تحسين هادي فضيل(2021), تقييم كفاءة الخدمات المجتمعية في مدينة الحمزة, رسالة ماجستير(غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الآداب, جامعة القادسية, قسم الجغرافية, الديوانية.

– عسكر, أحمد علي (2015), التحليل المكاني للمدارس الحكومية في مدينة غزة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية, رسالة ماجستير(غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الهندسة, جامعة الإسلامية, قسم الهندسة المعمارية, غزة.

– محمود, كامران ولي (2006), التوزيع الجغرافي الحالي والمثالي للمدارس الإعدادية في مدينة أربيل(دراسة مقارنة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية), رسالة ماجستير (غير منشورة), مقدمة الى مجلس كلية الآداب, جامعة صلاح الدين–أربيل, قسم الجغرافية, اربيل.

– گۆران، باسم قاسم (2022)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە شاری بەردەرەش بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراە)، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا، هەولێر.


### 6 ـ 3ـ گۆڤار و دەرکراوە خولیەکان


– احمد، ئامانج فواد (2022)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ شێوازی دابەشبوونی شوێنی شارەکانی پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگ(21)، ژمارە (2)، ڕاپەڕین.

– حەمە امین و ئەوانیتر، خەندە علی – سابیر بەکر مستەفا – یۆهان عثمان حمه حسێن(2023) ، کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان لە باخچەکانی شاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگ(4)، ژمارە(10)، ڕاپەڕین.

– حسین، عمر حسن (2024)، شیکاری شوێنجێی بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری سۆران، گۆڤاری زانکۆی سۆران، بەرگ(1) ، ژمارە (7) ، سۆران.

– سليم، هيوا صادق، 2014، التحليل والتقييم المكانى لمركز اطفاء الحريق فى مدينة اربيل، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ڕاپەڕین، ژمارە2.

– علی و ئەوانیتر، فاتح اکرم – بەیان حسین علی(2022)، شیکردنەوەی پشتێنەی کاریگەر(Effect zone) بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لەشاری دەربەندیخان بۆ ساڵی(2021–2022)، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگ(4)،ژمارە(7)، هەڵەبجە.

– عبدالله و حسن، نشوان شكرى و مزگين محمد، 2008، تحليل الخصائص المكانية والوظيفية لوحدات الورش الصناعية فى مدينة دهوك باستخدام (GIS)، مجلة جامعة دهوك، عدد21، مطبعة جامعة دهوك، دهوك.

– عزیز و سلیم، امیر قادر و هیوا صادق، 2015، تایبەتمەندیە جوگرافیەکانی دابەشبوونی مزگەوتەکانی شاری کۆیە بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان()، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی 19، ژمارە3، هەولێر.

– صالح و ئەوانیتر، چراخان نصرالدین – کامەران محمد توفیق – ارام حسن محمد(2023)، توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگ(15)، ژمارە(2)، ڕاپەڕین.

– محمد و ئەوانیتر، نامدار محمدعلی حاجی – شاد حمید محمد (2022)، دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری خوێندنگە بنەڕەتیەکانی قۆناغی(7–9) لە شاری کەلار، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(3)، هەولێر.

**6 ـ 4ـ چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان**

– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ئاکرێ، بەشی نەخشەسازی.

– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی دهۆک، فەرمانگەی ئاماری ئاکرێ، داتای دانیشتوان، ساڵی 2024.

– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ئاکرێ، بەشی پلاندانان، داتای خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بۆ ساڵی خوێندنی 2024–2025.

# The Geography of Educational Services in the City of Akre – An Analytical Study

**Ameer Qader Azeez**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ameer.azeez@su.edu.krd

**Siyaband Habeeb Hasan**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
zebaryseabend@gmail.com

**Abstract**
Educational services are among the most important social services and are considered one of the fundamental needs of the population. Due to the significance of this subject, this study aimed to analyze the distribution of educational services according to the Stages of education in the city of Akre. The collection of data and information relied on official statistics, as well as fieldwork to determine the locations of these services using GPS devices, and displaying them through ArcGIS Earth software. Moreover, ArcGIS programs were used to analyze distribution patterns and directions. Planning criteria and indicators were also utilized to assess the functional efficiency of these services. The study concluded that these services suffer from irregular and unbalanced distribution due to poor planning, leading to their concentration in some neighborhoods and absence in others—particularly noticeable in the case of kindergartens, which show a significant shortage. Additionally, the high number of students, the limited number of classrooms, and the practice of double shifts (morning and evening) in both primary and preparatory schools all indicate a clear inadequacy in the educational infrastructure.
**Keywords:** Educational services, distribution pattern, functional efficiency, the city of Akre.

# جغرافية الخدمات التعليمية في مدينة عقرة – دراسة تحليلية

**امير قادر عزيز**
قسم الجغرافيا، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين– اربيل,اقليم
كوردستان,العراق
ameer.azeez@su.edu.krd

**سيابند حبيب حسن**
قسم الجغرافيا، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين– اربيل,اقليم
كوردستان,العراق
zebaryseabend@gmail.com

**الماخص**
تُعَدّ الخدمات التعليمية من أهم الخدمات الاجتماعية، وتُعتبر من أبرز الاحتياجات الأساسية للسكان. ونظرًا لأهمية هذا الموضوع، تهدف هذه الدراسة إلى تحليل توزيع الخدمات التعليمية بحسب مراحل الدراسة في مدينة عقرة، وتم الاعتماد في جمع البيانات والمعلومات على الإحصاءات الرسمية، إضافة إلى تنفيذ عمل ميداني لتحديد مواقع هذه الخدمات باستخدام جهاز(GPS) ، وعرضها عبر برنامج(ArcGIS Earth) ، مع الاستفادة من برامج (ArcGIS) لتحليل الاتجاهات وأنماط التوزيع. كما تم استخدام المعايير والمؤشرات التخطيطية بهدف تقييم كفاءة أدائها.
وقد توصلت الدراسة إلى أن هذه الخدمات تعاني من توزيع عشوائي وغير منتظم بسبب ضعف التخطيط، مما نتج عنه تركزها في بعض الأحياء وغيابها عن أحياء أخرى، خاصة في ما يتعلق بالروضة (رياض الأطفال)، التي تعاني من نقص كبير، إلى جانب ارتفاع أعداد التلاميذ، وقلة الصفوف الدراسية، ونظام الدوام المزدوج صباحًا ومساءً في المدارس الابتدائية والإعدادية، ما يؤكد النقص الواضح في البنية التحتية التعليمية.
**الكلمات المفتاحية:** الخدمات التعليمية، نمط التوزيع، الكفاءة الوظيفية، مدينة عقرة.